شیعر

# کتێبی بۆشاییەکان

## ئەدیب نادر

کەرکووک -2012



ناوی کتێب: کتێبی بۆشاییەکان
ناوی شاعیر: ئەدیب نادر
بابەت: شیعر
دەرهێنانی هونەری: ئەنجام سەعید
لە بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد– لقی کەرکووک ژمارە (149)
چاپخانە: کارۆ
چاپی یەکەم– 2012
تیراژ: (500) دانە

* بۆ تارا و ڕەوەن..

بۆ ئەو چرکەساتە دانسقانەی هەمیشە منداڵی شیعرم وەبیر دەهێننەوە.

## پەنجەرەکانی ئارابخا
## بەڕووی ئاسماندا ئاوەڵا نابنەوە



**(1)**

بەخۆی دەڵێت: ئەگەر ژیان نیشتمان بێت
ئەوا مەرگ دیکتاتۆرێکی موتڵەقە
نەفیم دەکات، بە یەکجاریی نەفیم دەکات
دەڵێی سەفەرم کردووە و
جارێکی تر نایەمەوە
جارێکی تر نایەمەوە بۆ نیشتمان

## (2)

**خرمەژنە ناکاوەکان**
**زەردەپەڕی ئێوارەیان پڕاوپڕ کرد**
**لە باڵەفڕەی هەڵەداوانی پاساری و**
**ورد و خاشبوون**



**وەک قەڵبەزە گوێچکەکان ئاوقای ئاسمان بوون**
**حەوشەی خوا بوو بە گۆڕەپانی جەنگێکی بێ هەدادان**
**باوکێکی پیر**
**بە چاوی خەیاڵێکی سەرسام**
**وێنای ئا ئەو گۆڵەی دەکرد**
**کە هێشتاکێ قاچی نادیار نەیکرد بوو**

(3)

ئەم شوێنە.. وەکو جاران لە خودی خۆی حاڵیم ناکات
قووڵ قووڵ لە تاریکی ڕادەمێنم
وێنەی دۆزەخ سەر ڕووخساری ئاوێنەکان دەسووتێنێ



کە خەو بە یادی ئەستێرەی چاوەکانی خۆم دەسپێرم
شیعر پردێکە لۆژێک ڕایەڵی کردووە
ڕووباری هزر بە ژێریدا ڕادەبوورێ
شیعر باڵایی بەدەست دەهێنێ
دەگەڕێ پێناسەیەکی تازە تازە
بۆ مێژووی کۆنی هەناسە تەنگەکان بدۆزێتەوە

[(4)

**کۆنە سەرینێکی سپی**
**ماڵی نقووم بووی واقیعت پێ جێ دێڵێت**
**خەو دەتبات و**
**دەبیتە کۆترە ماندووەکەی پێغەمبەرێک**
**هەر بە تەنها ئاو گەمارۆی چاوی دەدات**
**ڕەنگی پەڕ و باڵەکانت هەڵدەوەرێن**



**قامچی هەتاو، ئەسپی ئاواتەکانت گشت تەرە دەکات**
**وەک دیدالۆس**
**سەرابی دەربازبوونت لەبەردەمدا**
**دەبێتە دەروازەیەکی سیحرئامێز**
**دەزانی ئەشکەوتی دەریا قووتت دەدات**
**دەربازبوون لەسەر یادی خۆت دەتەکێنی**
**بیرت لای یادوەرییەکانە**
**دەترسی ڕەنگ بە شەپۆلەکان نەدەن و**
**ماسییەکان قووڵایی دەریا لە بیر بکەن**

(5)

گەنج وەک زەمەن
بە قاڵدرمە ڕووخاوەکان دادەگەڕێیت
ساتێک لەسەر کۆسپە نزمەکم ڕاتدەگرم
پەنحەکانت لەناو لەپم ناکەونە سەرپێچی کردن
تەماشایەکی ڕووبارە قەترانییە پڕ داروپەردووەکە دەکەیت
پیر وەک مێژوو



عاشقم شتەکان ڕوو بدەن
دەڵێم ژوورەکەم پڕبکە لە شەهوەتی گەنجییەکی سپی سپی
تەماشایەکی ئێوارە دەکەیت
قامکەکانت وەک ماسی لە دەستم دەخزێن
ئاووڕێک لە سپێتی گیانم دەدەیتەوە
دەڵێی بەفرە شێتەکە چاوەڕوان بە
نەوشەفەق دێم
پەرداخی قاوەی هەڵماویی نێو پەنجەکان و
کراسە زیوینەکەم بەرە ژووریٚ
قاوەکە چۆڕ چۆڕ برێژە ناو بۆشایی هەناوت و
کراسەکەشم بکەبەر ئەستێرەکان

## (6)

**دەزگیرانەکەی منداڵیم**
**بۆتە مەریەمی مەگدەلی و**
**بۆنی بنێشت لە بزە ئالوودەکانییەوە هەڵدەستێ**
**خێڵ هەموو ڕیزیان بەستووە**
**مشتیان باڵ بە بەرد دەبەخشێ**
**وەک یاساوڵ**



**چاوی خەڵتانی فرمێسکم**
**لەسەر ڕێگای مەسیحێکدا بە چاوەنۆڕی دەسپێرم**
**ڕێگاکە دەبێتە سەراب**
**پرسیاریش دەنگی ئەو گوناهانەیە**
**کە هەرگیز من نەمکردوون**
**دوای چاوەڕوانی خودایە**
**لە ژێر سێبەری دەگمەنی بیابانێک دەرمدەکەیت**
**بۆ دەمهاویتە هەڵدێری منداڵییەک**
**کە بەهەشتی ونکردووە**

(7)

**هەردەم بیری لای ئەوە بوو**
**لە پاش مردن**
**خۆی ڕادەهێنێ بخەوێت**
**ئەو ڕۆژەی تەقینەوەیەک**
**کتوپڕ بردی بۆ ماڵی تاریکایی**



**منداڵەکەی لەبەردەرگاکە وەستابوو**
**بەدەستە ئەشکبارەکانی هەیدێی لە خەمبارەکان دەکرد و**
**دەیووت من لە تەنیشت گڵکۆکە دەمێنمەوە**
**ڕۆیشتووەکان بوون بە ئاپۆرایەک دڵۆپەی قەتیسماو و**
**ئەویش لە ماڵی تاریکی خەوی جاوید**
**هەر بیری لەلای ئەوە بوو**
**تا هەتایە خەوی لەبیر بچێتەوە**

## (8)

**سەدەیەک مێژووت بەجێ هێشت**
**دوای بزربوون هاتیتەوە**
**کەوتیتە نێو ئایندەی جاڕ و جەنجاڵی**
**شارۆچکە باستانییەکەت**
**بەدوای بزر کەرەکەی خۆتدا گەڕایت**



**وەک جەستەیەک**
**ماندوویێتی خۆت هەڵوەراندە**
**سەر ڕۆحی زەردی گەڵاکان**
**دەستەمۆی ڕەنگە هەڵوەریووەکانی خەونێک boویت**
**تۆی قابیل، پەڵە هەورە پڕ میهرەکەی**
**سینەی تۆی هابیلی داباراند و**
**دەریاکەی ئەکلیماشی کرد**
**بە عەرشە بەتاڵەکەی خوا**

## (9)

پەنجەرەی دەستەکانی خۆمم کردەوە
پەنجەرەی چاوەکانی خۆمم نوقاند
ئەوەتا لێی ڕادەمێنم
خەوم بینی، وەکو ئەوەی لەسەر وەتاغەکەی ئەودابم



فڕیم، وەکو ئەوەی لەسەر باڵەکانی ئەودا
دەست لە ئێوارەیەکی ڕەنگاڵە بدەم
ئای خەیاڵ چەند فریووم دەدات
نێرڤانا لە ژیاندایە
منیش هەردەم شتێک دەکەم بە مەهانە
هەتاکو لەگەڵ ژیاندا
مەودای بێکۆتایی بگرم

(10)

شەو خەوێکی تاریکم دیت
سیمرخێک هات،
کەژاوە ئاوریشمینەکەی خوای هەڵگرت و



کەوتە کۆچێکی خەیاڵی و هەتا هەتایە بزر بوو
کە سپێدە چاوم گێڕا
درەختەکان منارە بوون
ماڵەکانیش گومەزی سەوز
شاریش پەنجەرەی نەمابوو
بە ڕووی ئاسماندا ئاوەڵای بکاتەوە

(11)

ئەو بۆ ئینجانەی برسێتیی
مرخی لە گوڵێکی بچووک خۆش کردبوو



کە چووە ناو خەونێکەوە
گەڵاکانی دنیا پێش با کەوتبوون و ڕاویان دەنا،
کە ئاووڕی دەدایەوە
هەر بە تەنها خۆی دەبینی

(12)

بەربەستێک دەبێتەماڵی
هەموو قەوزە خەمبارەکان
ئاو شەقڵی خۆی نایەتە بیر



دەکەوێتە ناو تەنوورەی گێژەنگێکی کەفاوییەوە
سەرئێشەیەکی جوانکیلە یەخەی دەگرێ
کەچی فێرە شەڕانگێزیی شەپۆلەکانی بکاتە مشتێ گەراو
وەک مرواربیە نیهانەکانی قووڵایی
لە شەوانی هەرس نەکردنی یەکتر
ببنە کۆمەڵە هەیڤێکی بچکۆلانە

(13)

**تۆ بارتەقای هەموو هەورەکانی دنیا**
**تامەزرۆی ڕشتنی ئاو و**



**دوو دەستی سەخیت وەکو عەشق**
**منیش دەریایەکی تژی و**
**دوو دەستی تابلۆی خاڵیم**
**وەکو سارایەکی زێڕین**

(14)

قژی بوردەباری ئاسمان
بە بارتەقای بیزاریی میلانیاکان بێ دواییە
درەختە خۆڵەمێشییە بەرزەکان
هێشتا لە ماڵی زستاندا هەڵدەلەرزن



بەڵام هێلانەی پێواری ناو لقەکان
سەبەتەی جوانی پڕ هێلکەن
پیری شەکەتی ئەندێشە
پڕ دەکەن لە شەققەی باڵە ڕەنگامەکان
من نازانم باڵەکانی کام باڵندە
لەوێوە خۆیان دەگرنە ئاسمانەکان
کەچی فڕین،
هەمیشە فەزاکانی یاد سەرشار دەکات

(15)

دەمویست گوێم لەسەدایەک بێت
میهری جوانییەک ببینم
لە ناکاو دەلاقەیەک لە سینەمدا



خۆی خەڵتانی ڕەنگەکان کرد
لەو دیوو پەلکەزێڕینەوە،
بزەیەکی خەمبار و شەرمنم بینی
لەو دیوو قووڵایی ڕەنگی شیندا دیار نەما

(16)

تۆ ئەی خودا، بۆچی تەنها یاخی بوونی من دەبینی و
چارەنووسی ئەهریمەنم پێدەبەخشی
بۆ دەمکەیتە ڕۆحێکی لە خوێن گەوزاوو



هەتاهەتایە ئاوارەی دنیام دەکەیت
تۆ ئەی خودا
پێم بڵێ من لە خۆم هەڵدێم
یان لە سێبەری دزێوی تێپەڕیووێک
کە هەمیشە ئاوێنەیەکی نەفرەتە
لەبەر ڕووخساری ئایندەم

(17)

ساڵەکان، بەغوباری ماڵئاوایی
ژووانێکی ئێوارە وەختە چێ دەکەن،
لە پاش ئەو هەموو مردنە
کە لەم شارە لەبیرکراوەی دونیادا



چاوم ڕووخساری دەبینێ
یەکەم شت دەڵێت دەمناسیت
منیش،
سەربووردەی ئەو فرمێسکانەی بۆ، هەڵدەڕێژم
کە لە گریانە کۆنەکەی بەمیرات بۆم ماوەتەوە و
تاهەتایە ڕۆحی وشک هەڵگەڕاوم
نقووم دەکات

(18)

تۆ ئەی ئەوەی هەر داوای شتی تر دەکەیت
سەرلەبەری عومرت بردم
گشت شادییەکانی زیندەگیت



وەک باڵەکانی پەپوولە
بە فانۆسی نا ئومێدییەکی سپی
هەڵکرووزاند
دەپێم بڵێ
بەنیازی چرای چی تر داگیرسێنی

(19)

تۆ ئەی ئەوەی بەگشت پیاوانی دونیاوە
خەو دەبینی
بۆ دەتەوێ سێوێکمان لە نێواندا بێت



من ئادەم نیم
ئێرەیش هەرگیز بەهەشت نییە
بۆ دەتەوێ
خوا فڕێم داتە شوێنێکی مەجهوولەوە

(20)

هەر دەڵێی ئەو پیاوە جوانەی
سەرپشتی شێرە بەفرینەم
کە بێدارییەکی زیووین دوای کەوتووە
هەر لە باوێشکی شەوەوە کە کازیوە ڕادەپەڕێت



لەگەڵ ڕووەک و گوڵە شەونم دارەکاندا
پیاسە دەکاو
زووبانی کەمدووی ئەم شارە باستانییە دێنێتەگۆ
کە ئێوارێیش
بە ژێر تاریکییەکانی ئاسۆدا هەنگاودەنێت
منداڵێکی تاق و تەنیا ڕێگایەکی بۆ دەهێنێ
تا سەرابی ورشەداری چاوەکانی تیا جێ بێڵێت

(21)

دەڵێی سەدەیەکە لێرەنیم
من ئیتر شاری زادگای خۆم ناناسمەوە



جەنگەڵێکە با بەناویا گوزەر ناکات
هێشتا دیوارە کۆنەکان پێدەکەنن
هێشتا لەودیوو دەمامکە تازەکانەوە
لمۆزی سوور بەدی دەکەم

(22)

**که بۆ ئەم شارە پڕ لم و دۆزەخییە**
**گەڕامەوە**
**شاعیرێک بووم**
**بە بەر چاوی کۆترە کێویلەکانەوە**



**دزەکان سەریان لە گیانم جیاکردەوە**
**برینێکی ئەفسانەیی پەیتا پەیتا لە ڕۆحمدا هاواری دەکرد**
**هیوادارم خودا هەبێت**
**تا لە دۆزەخی جاویدان**
**هەتاهەتایە ئەوانە بسووتێنێ**

کتێبی منداڵیی

(1)

یەکەم تایتڵ لە کتێبی منداڵیی من
ڕاکردن بوو
یەکەم ئاواتم ئەوە بوو
ئا لەم شارە ببمە خانەخوێی فریشتە و



چاوەڕوانیم بە خەونەکان کۆتایی بێت
نەک ئەهریمەن
دارستانی خەیاڵ بکات بە سووتماک و
یارییەکانیشم بە دووکەڵ بخنکێنێ

(2)

به منداڵیی،
جریوەی سەردرەختەکانم دەفڕاند
وڕکی خۆم دەکرد بە  چەترێک
هەڵمدەدایە مەودایەک



ئاسمانی لەگەڵ ئەهریمەن ئاشت دەکردەوە
بە منداڵیی،
هاواری سەر هیمالایای ئومێدەکان
گوێچکەی ئاهورای دەڕووشاند
چەترەکەم دەدا بە بایەک
لەگەڵ خۆیدا بیبات بۆ وڵاتی باران

(3)

**که کاغەزە کۆنەکانی منداڵیی هەڵدەدەمەوە**
**هەورە تریشقە جورئەتی گزگلی ناخ تیرۆر دەکات**
**که کاغەزە زافەرانییەکانی یادوەری هەڵدەدەمەوە**
**ڕەنگی شین بۆتە خوایەک و**
**منیش بوومەتە قوربانیی**



(4)

**ئێوارەیەک، باوکم لە وەختی دەستبازی**
**پرسی: تۆ چیت؟ کوڕی مانگیت یان ئەستێرە**
**منیش وتم: ئێستاکە ڕۆڵەی ئەستێرەم**
**کە گەورەبووم، ئەوا دەبم بە مانگزادە**
**ئێوارەیەک، کە گەورەبووم**
**ویستم ببمە کوڕی هەتاو**
**ئیتر هەسارەی خەونەکەم وێڵی شەوێکی نادیار بوو**
**ئاسمانیش قەت منی نەکرد بە کوڕی جوانی تریفە**

(5)

خەونی منداڵیم
کاراکتەر بە دوورکەوتنەوە دەبەخشێ و
لە دونیای ئەو سۆزە سێبەرییەدا
ئیدی وڵات
لە سنگی پڕ لە نیکۆتینی ڕابردوودا ترپەی دێت



ئیدی وڵات
تەنها لەسەر جەمسەرە بێگەردەکانی نووسیندا
لە سپێتی سەقامگیریی خۆی وەردەدات
ئیتر لەسەر ڕووبەری لاپەڕەکاندا پشوو دەدەم
کە هەتاو دەکەوێتە وەنەوز
لەسەر دێڕە ڕەشەکانی میلانکۆلیا
پیاسە بێکۆتاییەکانم دەست پێدەکات
ئیدی لەم وەرزەی ڕۆح هەڵدێم
بەرلەوەی کات یادەوەری بسڕێتەوە
منداڵانە لە مەرزە پێوارەکانی ئەبەدییەت ڕادەپسکێم

## (6)

ئاسمانێکی تر، دونیایەکی بە ساماڵەکان خافڵ
لەبەر چاوی منداڵیمدا خەرەندێکی ڕەسم دەکرد
دەمویست لە بێ زەنگیانەیی ئەو پەردە ئەبەنۆسییە هەڵبێم
بەسەر ئەستێرە ساختەکاندا بازبدەم
بە چەکوشی بێ مروەتی ئەم زەمانە لەخاشبوونیان هەڵبکێشم



دەمویست ئەو ئاوێزە غەوارانە بەربنەوەو
لە ساراکانی زیندەگی قورتارم کەن
لەبەر چاوی منداڵیمدا پەیژەیەکم دەبینی
بەرەو کەونی هەرگیز شینباو
وەک قەڵبەزە
سەری دەخستە نێو هەوری ئەبەدییەت
هەردەم کەڵکەڵە نەمرەکان لووشم دەدەن
چۆن ڕۆژێک بەرەو ئەو ڕەنگە ڕۆحبەدەرە ڕێگا بگرم
کە ئەبەدییەتی نادیار کۆتاییەکەی ڕەسم دەکات

## (7)

گوێسوانەکان، لەودیوو خۆیان
بەژنی منداڵییەکەی منیان دەشاردەوە
گەردنە قەتیس ماوەکەم



لەنێو جوغزی پرتەقاڵە باڵگرتووەکان
جوانیی پشت درەختەکانی بەدی دەکرد
باڵدارەکانی پرتەقاڵ
هێزی کێش دەیکردن بەخودانی نەفرەت
لە ئاسمانی بەرین، لەسەر سەرمدا دەنیشتنەوە
ئیدی دڵم دەبووە لانەی تامەکانی خۆشەویستی و خەیاڵیشم
دەبووە مەلێکی پرتەقاڵیی هەڵفڕیوو

## (8)

دیوارە جوانەکانی ئێستام
سەعاتێکی زۆریان لە باوەش گرتووە
گەر یەکێکیان کاروانەکەی لەبیربکات



دڵی منداڵییەکەم هەر ماوە، لە ناویدا جێی دەهێڵن
ئەگەر بۆ چرکە ساتێکیش
کات لەنێو ئەو باوەشانە خەوە تویێتکە بیباتەوە
ئیدی ترپەکانی ئێستام
لەچاوە پڕ ئەشکەکانی ئایندەدا قەتیس دەبێت

## (9)

ئێمە، هەرتاکە کەسێک لە ئێمە
بە شتێکی سەمەرە ئالوودە بووە
من ئالوودەی منداڵییەکانی ژیانم
هەوڵدەدەم بەشێک نەبم لە بێدەنگی



هەوڵدەدەم لەگەڵ بێداری و ئێشکدا
ئاشنایەتییەکی بێ سنوور پەیدا بکەم
هەوڵدەدەم لە تاریکییە نەمرەکاندا
درەختی کاڵی بوونی خۆم بەدی بکەم
بەرامەی شێتییەکی جیاواز
بنێمە سەر نێرگزەجاڕی هەڵکردن

## (10)

تۆپەکەی منداڵیم
پێم ڕەوانەی هەوای کردو
چاوەڕوان دەکەم بێتەوە
چاوەڕوانیی گەورەم دەکاو



ئەویش عەرشی خۆی  چۆڵ ناکات
هەموو جارێک،
کە تەماشای ئەو ئاوقا خەونییە دەکەم
یەقینێکی  چەلەنگ شونم هەڵدەگرێت و
دەزانم بێ شک ئەوەیە و
دەبێ ڕۆژێک بیهێنمەوە سەر ئەم گۆیە
تابمەوە خاوەن دونیای یارییەکی پڕ تریفە

## (11)

**لەگەڵ منداڵیدا وەکو دوو دانە تیر**
**ئاڕاستەی جودا دەمانبات**
**ئەو لە دواوە وندەبێت و**
**کەنارێکی غەمگین چاوم دەورە دەدات**



**ئەو پیرەمێردەی کەسەری درەختێکی چڕ و پڕە و**
**باڵندە مەنگەکانی حیکمەت بەسەریدا هەڵنیشتون**
**دەمخاتە سەر قەڵاندۆشکانی شەپۆلە بەرزەکان و**
**بەداکشانم دەسپێرێ**
**کە ئەو ونبوونی بیردە چێت**
**بەرەو ماڵی مرواریییە سیحراوییەکان شۆڕدەبمەوە و**
**وەک هەمیشە مشتم پڕ دەبێت لە سارا**

بۆشاییە جوانەکان

## کەوێر

تخووب بەدەر تا چاو نیگای بەرهەڵدا کات

پەیکەرێکی برۆنزییە

نە بە ماچی با خۆشحاڵە

نەیش ئاسمانی مەلووڵ دڵی دەداتەوە

لە گێژەڵووکەی کریستاڵە بۆرەکانیش

تێبپەڕێ

شتێکی دی بارتەقای گوشادییەکەی پڕ ناکاتەوە



## سەعات

بە ئەسپایی، لەبەر چاوە لیێڵەکاندا

خۆی لە ژیلەمۆی سڕینەوە وەردەدات

وەکو هەنار

ئەستێرەکانی زێواری

ئاشیفتەی داری تاریکین

بێدارییە یاقووتییەکەیان

لە هەمێزی سەعاتە نووتەکەکاندا

شەق دەبات و

وەکو کەوانەیەکی جوان

بەسەر ماچی وێژینگێکدا

هۆبەیەکی شۆڕ هەڵدەدات

## ئالوودەیی

هەمیشە، ڕەنگی خامۆش هەڵگەڕاوی
پەیمانی دەست لێبەردانی
لە ناکاو پێ ئیمزا دەکات
کەچی ئەو ئانەی جێ هێشتن
ئەسپی کەڵکەڵە تاودەدا
سەری جیهانێکی بێ ئەو
قانگی دەداو
سەرلەنوێ فەزای خەیاڵی
پاشگەزبوون ئالوودەی دەکات



## شار

زەمەنەکە هەوشارێکی سترانچڕە
لەوێڵگە دژوارەکانی ئاژاوەوە ڕادەبووری
عومریش شەمەندەفەرێکە ڕانەوەستاو
چەرە دووکەڵی پەژارەی لێ هەڵدەستێ
ڕەونەقی بەردەوامی وشەکانیش
ڕۆح دەکەنە
ژەنگی ڕامی سەردەروازە دوورەکانی
شاری بەڕاستی قانگدراو بە جەهەننەم

## ئاوێنە

**لە کۆڵانە بێدەنگەکانی گزنگدا**
**وەک سوێسکەیەک**
**شەوارە لە چاوەکانیدا کسکە دەکات**



**چڕ و چاوی چامەی گریانێک دەنووسێت**
**دەڵێی بەرانبەر ئاوێنەی**
**ماڵێکی نوغرۆ وەستاوە**
**ڕەجاڵی ئاوڕەکانێتی**
**بەژن و باڵای منداڵییەک**
**ئابڵووقەی یادی دەدات و**
**جەنگەڵی هەناسەکانی**
**بۆ خەفەبوون بەجێ دیڵێ**

## هەڵخزین

چەشنی سونبوول، گڕە بردوو
بەدەم هەناسەی زەردەپەڕ
لەبەر ئاسمانێکی ڕەبەن، سەما دەکات



شەقامی ڕەشداگەڕاوی ژێر پاژنە خوێناوییەکانی ئێوارانی
ڕەوانەی ناخی بێگەردی سپێدەکانی فەنابوونی دەکات و
دەخزێتە نێو دونیایەکی داخراوو یادوەرییەکی ئاوەڵا

## ڕۆشنایی

ئیسفەنجە بەباڵ کەوتووەکان
بەردەبازی هەنگاوەکانی تەماشان
چڕنووکە چڵکنەکانی دەگێڕێت و
تۆپێکی ڕۆشن لەق دەکات
وەکو خەونێک،



پارچە پارچە لەنێو لەپە بچکۆلەکان
ونی دەکات
دوای چرکەیەکی ئەبەدی
کون و قوژبنی خێوەتە بێنازەکان
تریفە لێیان سەردەکاو
غەمی سەرپێڵووی ئاوارە نەفرەتییەکان
دادەتاشن

## سەردانیی

پشتێنی سەرابیی جادە
ئاقارێکە غوبار هەڵگر
سۆڵە کۆنە ماندووەکان
لەنێو ئارەقەی هەنگڵ خۆ حەشار دەدەن
بە خاوسیی شەقاوەکان شۆڕدەبنەوە



ئەوەی لە بەژنی بڵندی ئەندێشەوە هەڵپە دەکات
چڕە هەڵمی پرسیارێکە
هەرگیز لەنێو پەرسڤی دار ژاڵەی سام و
لاسکی کەڵەگەتی شادیدا
ڕەوینەوە ناگرێتە خۆ

## تۆخ بوونەوە

لەگەڵ جیرەی کەوشە نەفرەتییەکاندا
حیلکەکان  چرۆی دڕکاوییان دەرکرد
لەپشت دڵۆپەی سەرمایە نا چیزەکە



لاقەکراو، وەک درەختی نێو تابلۆیەکی پاییزی
پەنجەکان هەڵوەرینە سەر
شەقامی  چارەنووسێکی قیرتاوکراو
هێشتایش لەودیوو مەیینی ڕەنگەکانەوە
فەرامۆشییە منجڕەکانی سبەینێی تۆخ دەبێتەوە

وەکو ئەوەی پیر هاتبێتە دنیاوە

## پێرسیۆس

**دەیویست سەری مێدۆزای یادەوەرییە دزێوەکان**
**بەخوداوەندێکی نامۆ پێشکەش بکات**
**ئەوەی بینیبووی شتێکی جوداواز بوو**
**ئەوەی دەیبینی کردبووی بە گابەردێک**
**لە ڕۆحی جوانی ساتە فەنابووەکان و**
**سیمبۆڵێکیش لە دونیای ونی سەرسامیی**



## ڤانکووخ

**بە عەزرەتێکی قووڵەوە، دەڵێ ڕۆیشتوو**
**لە بەرامبەر ئەوەی وا دێت هاوتەبایە**
**بە دووی تەرازووە نادیارەکان**
**دە چێتە نێو گەڕیدەبوون**

**با زراڤی و کەسیرەیی ئەنگوستە پڕ هەستەکانی**
**لە بۆتەی گڕی فەنەرێک حەشاربدات**
**هەتاکو سەری پەنجەکان لە ئامێزی گەرماییدان**
**تێر و تەسەل بڕوانێتە ئەو ڕووخسارە تەماوییەی**
**نووری هاویشتۆتە نێو دڵ**



**لە دوورەوە، سووتان نکووڵی لێدەکات**
**گەردەلوولێکی خوێن سپی**
**چاو دەبڕێتە کڵپەی ئارامی  چراکە و**
**شینایی دامرکاوی دوا هەناسەیش**
**نوورایی ناخی ڕوونی دادەگیرسێنێ**
**نوری جاوید دەمێنێت و**
**ڕووخساری شێتی ئەوینیش**
**خۆی دەخزێنێتە ناو کلکی**
**هەسارەی کشاوی وەخت و**
**ونی نێو هەمیشە دەبێت**

## تریستان

لەو دونیایەی تراویلکە ئاپۆرەی تیا بەرپا دەکات
ئاوڕێک، ئەفسوونی عەشقەکان چڕی دەکات و
ناهێڵێت، شادی لە ژێر سایەی ژاندا کاڵبێتەوە



بەو دەربەندەی دەنگەکان پیای گوزەر دەکەن
تێدەپەڕێ و درک بەجیهانێک دەکات
کەوتۆتە گۆرانی گوتن
دارستانەکانی ئەوێیش سەمای مەخمووریی فێر دەبن
چونکە ئیتر «تاناتۆس» ئەرکی دێرینی
لەبیر دەچێت

## شاسوار جەلال

سەرما لەگەڵ خۆیدا دەیبات
وێڵگەیەکی نایاب و جوان
مایینەکەی دەخاتە نێو عەشقی گلان
گوڵی ماچەکانی مەرگ
بە ئەسکوردە گەنمییەکەیەوە دەپشکوێت
بای کەرنەڤاڵە ڕەشەکان وژە دەکات



پەیتا پەیتا وەشتی یاقووتیی دەبارێت
هەورێک دەڵێت: نەمردووە
بە ژێر میهری تنۆکە جیاوازەکاندا ڕادەبووریٚ
سونبولە سەربڕاوەکان
لەناو کێڵگەی کەشکۆڵەکەی بن هەنگڵی چرۆ دەکەن
پیتە ڕەنگاوڕەنگەکانی ناودەستنووسە جێماوەکەی
لەنێو دڵە بچکۆلەکاندا دەتەکێت
ئیدی هەر هەموو وەرزەکان
بۆنی ئاوو هەستانی بەرامەی گڵکۆ
تێکەڵ دەبن بە هەناسەی باڵندەکان

## دیۆژین

جامێک لە بازرەقەکان
دەخاتە نێو کەشکۆڵە بەتاڵەکەی و
سپێدە هەتاوییەکانیش
قەندیلە شەوینەکەی خامۆش ناکات



سەرتاسەری ئەم مەملەکەتە بێ مەدارە بزر دەکات
دەیەوێ جارێکی تر بیدۆزێتەوە
بێگەردیی نیازەکانی داگیرسێنێ
خۆی ون دەکات،
ئەم شارە دەبێتە یادوەری و
خەڵکەکەیش چرای کوژاوە
بەدووی خۆیدا فەرامۆشیی بە هەموو شتەکان دەسپێرێت
ئارەزوویەتی باران لە کەوێری ویستی

جیلوە بە بەژنی ڕاکشاوی لمەکاندا هەڵگێڕێ
ئەو کارمامزە ترسنۆکەیش
بە سمە وردیلەکانی سەرئاو کەوێ و
ئیشارە بە ڕۆحی بدات
بەبێ جامیش، وشکایی ناخ تەڕایی تیا هەڵدەقووڵێ



دەیەوێ جارێکی تر بیدۆزێتەوە،
ئەم شارە دەبێتە گەردون
بوونیش دەبێتە یادوەری و
قەندیلە بەهیس ماندووەکەی ناسڕێتەوە
لێگەڕێ تاکو ببینێ،
چۆن ئاوێزانی بەرجەستەیی شەقڵی ڕەنگامەی خۆی دەبێ و
سێبەرە پڕ لە میهرەکەی وردابیەکان دادەپۆشێ

## کەژاڵ ئەحمەد

شووشە عەترێکی ئاواڵە
لە ژێر سایە غۆڵ ئاساکان
وەک تەمی شین، بەسەرجادە ساردەکاندا
ڕەوتی نەرم و چەتری ڕەشی غەدرێکی گەورە هەڵدەگرێ



هەنگاوە پاییزییەکانی
بەسەر ڕێچکەکانی زستان خلۆر دەکاتە خوارەوە
نە گەڵا تەڵاییەکان گیرۆدەی هەتاون ئیدی
نە باران عاشقی فڕینە
نە هەوا هێلانەی جێگیربوون چێ دەکات
نە چاوە شەونمییە بێدارەکان
دەستبەرداری بۆشاییە جوانەکانی ئاسۆن ئیدی

## نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد

**سپینداره دوورەکانی کۆسپەی وەرزە هاتووەکان**
**لە مەنفاکانی ڕابردوو ئاودیوو دەبن**
**بەبێ مەل و سەوزیی گەڵا، فوارەیان تێدا نییە**
**لە پێخەفی نادیاریی ڕووخسارەکاندا**
**ڕەوەی کێویلەی هەلهەلە**
**بەرهەڵدای بۆشایی دەبن**
**مەلێک دەڵێت**



**ماڵئاوا ئەی خامۆشییە جێهێڵراوەکەی شار**
**شۆڕەبییە قەزەحییەکانی بەرهەتاو**
**منداڵکاریی دەدەن بەفیزی هەڵکردووی ڕابردووەکان**
**ساڵە بەر پاییز کەوتووەکان**
**ژیلەمۆ بەرەڵای تەکاندن دەکەن**
**شیقژنی هەڵپەڕکێ، پەپووە سرکەکان تاروماری شەققە دەکەن**
**ئاهەنگی شاری خۆڵەمێش**
**لەم هەناسە ناوەختەوە سەرهەڵدەدات**
**لقەکان لە ئەڵقەکاندا،**
**وشکەڵگەڕانیش لە تنۆکە ڕەنگاڵەکاندا وندەبن**
**بەیەکجاریی**

## سەرۆکی فەرماندە

شەوی کرد بە جەنگەڵی سام
تاجی دووکەڵی خستەسەر ڕۆژگارە بێ ڕووخسارەکان
کە خەرمانەی دۆڕانەکان
خۆیان کردە بازنەی کەللە گومڕاهەکەی
((با)) یە دەستەمۆکانی لێی جوێ بوونەوە



ئەو قامکانەی بە چەپڵە سەداکانی ناڕەزاییان دەتاساند
هەڵوەرینە نێو وێڵگای تاقە وەرزەکەی
تاکو تەنیا، کاتەکانی لێی بوون بەشەو
ڕەنگەکانی سەرتاسەری کەوتنە دونیای سەرکێشییەکان
لە شەرما برژۆڵەکانی بەجێیان هێشت
سەدای دەهۆڵی چاوشەکان
هەلهەلەی قەرەبرووتی ڕۆحە دوورە بێ ئۆقرەکان
لەنێو خۆیدا گواستیانەوە بۆ زەنزانەکانی ئەبەد
ئەستێرە کشاوەکانی نێو تاریکی
گەڕانەوە کیشوەری بەتاڵی شەو و
بێپایانیی پەیکەری سڵیان خستە ژێر
زیووی هاتنە بوونی هێشووە جریووەکان

## پێغەمبەر

ئەگەر گوڵاڵکێک بووایە
لە کەویرە دژوارەکانی دنیادا
ئەگەر ڕەوەزە بەردێکی نەفرەت لێکراو بووایە
لە کۆساری سەر سنوورەکانی ئاگر
گەر بڵێسەیەک بووایە



لە کیشوەری نەبزێوی جەمسەری بێ ڕۆحی بەفر
یاخود کلکی داگیرساوی
هەسارەیەکی قووڵایی دووری گەردون،
گەر یاخییەکی بێباکی سەرکەل بووایە
یان شوانکارەی ڕۆمانتیکی هەورە تووڕەکانی ئاسۆ و
جوتیاری پاژنە هەناری و شاعیری پڕ لە نابووتیی
گەر ئافتاوی دۆزەخی گەرمەسێر بووایە
یان کرێوە و زریانی لاساری کوێستانە زۆر زۆر دوورەکان
بۆ دۆزینەوەی دەگەڕان
بۆ مردنی هەمیشەیی
مەزارێکی چەپەکیان بۆ ئەو دەکردە ناونیشانێکی یەکجاریی
بەڵام چی بکات
سوڕگومێکە گیرفانەکانی پڕ پڕن لە یۆتۆپیا

## نووح

بە ڕووی شادییەکانی بەفر و
شەوی هەوشاری سپی کات
ماندوویێتی گیان زیندوو ترە،
پەنجەرەیەکی دومانیی
دەکەوێتە دەربەندی ڕندی تەنیایی
وا خەریکە لەنێو گەردی تارماییەکاندا داگیرسێ



وەکو وێڵە ئەستێرەیەک
ڕوو لە نزمایی دا چۆڕێ
دارستانی نادیاری دونیای شەوانە
وا خەریکە وشک دەبێت
ئاو زەمەنێکی بێ ڕەنگە
دەیخواتەوە و
هەرگیز نابێ بە پاڵەوانی تۆفانی ئەم سەردەمە

**پیاوێک لێوان لێو لە خەون**

## نالی

هەناسە ڕچیوەکانی
بە گوزەرێکی ناگەهان
بۆ پێدەشتە پەژموردەکان ڕاهی دەکرد
بای بێ سرەوتی ڕادەگرت



بۆچی سەرووە زراڤەکان لە ڕووت و قووتی وەردەدات
ئاگرەکانی دەخستە نێو ئابڵووقەی سەرزەنشتیی
دیاری ڕۆحی کردبووە
جوگرافیای بێ کۆتایی خۆڵەمێش
شەقاوەکانی بەجادەی شەیدایی گەڕانەوەدا
هەڵدەواسی
وشکبوونەوە دەئاڵایە خۆڵەپووتی بەژن و باڵای

**دەکەوتە ئاستانەکەی سوڵتانی ڕۆژ**
**ڕەوێک ئەسرین**
**کەشتی چاویان بۆ ئاسمانی ڕۆح جێ دەهێشت**
**ڕەوێک شیعر**
**ئاسمانی بێ ئەندازەی غوربەتیان لێ دەتەنێ**
**لە ڕەنگە بێ دەرونەکان ونیان دەکرد**
**دارێکی زڕ لەو دیوو دەرکەی شەباقەدار دەهاتەگۆ**
**بەرلەوەی نازی پەیڤەکان دابگیرسێنن**
**پەڕەسێلکەی ئومێدە بەرهەڵداکانی ئەندێشەی**
**لە ئاسۆیەکی بێ سەدا پەرت و بڵاو دەبوونەوە**



## ئۆرفیۆس

**لەو خوارەوە، بە چیوە یەکانگیردەبیت**
**ئاسمان نییە،**
**گیراوی نێو دڕدۆنگییەکان بەرهەڵداکە**
**قوڕاو جێ پێی شەقاوەکان لە ئامێزیدا وندەکات**
**قیسارە تۆزاوییەکە،**
**لە خامۆشییەکەی دڵتەوە زووڵاڵییەکان دەخرۆشێنێ**
**جووڵاوە و نەجووڵاوەکان**

لە دەریای ئەفسونەکاندا گینگڵ دەخۆن
ڕۆخانەکان،
سەدای گۆرانییە کزۆڵە و خەمینەکان
لەنێو ڕەوتی بزربووندا ئاوا دەکەن
شەپۆلەکان کەسیرە و مەند
لم و تاش و کەڤرەکانیش
دە چنەوە سەر ئەو ڕێچکە تاق و تەنیایەی
بە دوای خۆتدا جێی دەهێڵی
پەڵە هەورەکانیش وەک سێبەر
سەرت دەخەنە ژێر باڵی ئەندێشەکانی تاریکی



## ئازاد ئەحمەد

ڕەهەندەیەک بوو، سەرگەردان
بێپایان عەودالی پەنجەرەی دڵێکی تر
بەدووی پاساری خەیاڵدا
درەختی عەدەمێکی تری ڕەسم دەکرد
دونیایەکی دی
لووتکەی لەسەر قەڵاندۆشکاندا ڕادەگرت
ئاسنی مەرگ لە سیکرابخانەی ئاوەدانی شارەکەی
ژەنگ هەڵهێنانی بیر چبوو

ئەندێشەکانی مۆرێکی هێندە قووڵ بوون
وەکو نەیزەک
درزی دەخستە نێو شەو و
پەڕە گوڵاڵەی قاقاکانی دڵیان دەدا بە نەسرەوتن
داهۆڵی گەڕەکە ئەسفەڵتییەکان
سۆسەی سەرهەڵگرتنێکی ناوەختیان کرد
عەشقێک، گەرمەسێری دڵی پێکاو
وەکو زراڤیی بلوێرێک
هەناسە ناکامەکانی
لە نێو شۆلاوگەی سینەیدا هاتنە ڕووان



## فەهمی کاکەیی

نیهاڵێکی سەرگەردان بوو، ڕادەوەستا
ڕیشەی میهری لەلای «ئاسۆ» شۆڕدەبووەوە
تیشکە چڕ و خەواڵوەکان
ڕەنگی خۆیان دەدا بە پەلکە زێڕینە و
ژیلەمۆی ئێوارەی ناوەخت دەیشاردنەوە
لە دوای هەنگاوە ونەکان
پریاسکەی زامێکی تازەی پڕ «ژان» دەکرد
سێبەرەکان، کە بە ئاقاری کاژوواژی ئێواراندا تێدەپەڕین
لە تاریکی نائومێدییەک دەگەوزان
ئەویش گەڵای هەمیشە تینووی چاوانی
دەوەراندە نێو لەپی با و
ڕەوانەی خەونێکی زیندووی هاتوو دەبوو

## مەریوان وریا قانیع

دیدەنییەکی تازە دایدەگیرسێنێ
بەردەبێتەوە نێو کۆشی شەیتانەکانی سەرزەمین
کە ڕەشایی درەختەکان
ڕووباری ئەفسانەکانی شاری ئێواران لێڵ دەکات
لە نێو دونیای نیگەرانییەکی ئەمازۆنیی
چەپکێ ترپەی هەڵکشاوی فریشتەیەکە ئاسمانیی
ئومێد بە گەشتێکی دیکە پەیدا دەکات



بەرەو ئەو نادیارییەی هەمیشە
دنیایەک گومانی لێ هەڵدەگرێت و
نەمرییەکان، تیایدا دەمرن
شێتییەکی دونیاییە نیازەکەی
خودی وێڵی،
لە گۆشەی لەزەتێکی تاریکی جاویداندا
هەڵدەتروشکێ،
هەتا دەرگای کلۆمداری خورافە بخاتە سەرپشت
چەند ساڵێکی کەم هەڵدەکات
بەڵام بۆ هەمیشە دەمرێت

## ئەحمەدی مەلا

سێجار کوژرا،
جارێک خامەی منداڵییەکەی
بەنهێنی لە دەفتەرە هەڵوەشاوو پەرتەکاندا
شیعرە ڕامکراوەکانی حەشاردابوو
خوشکە بچکۆلە نیگا و یاڵ چەمووشەکەی



لە چۆمی دوور و درێژی بیرچونەوەدا خوساندی و
لە گوێچکە شەیتانۆکەکانی ڕۆخی سڕانەوە جێما
جارێکی تر،
دەستە چەورو ڕەنگاوییە
بەگاڤدا چووەکەی باوکە دەروێشەکەی
لە تان و پۆی پەڕاوی سێبەرەکاندا سەقامگیربوون
قەتارەی کەسکی کتێبە زیندەکانی

لەنێو دەمی داپچڕاوی بوڕکانە دەستەمۆکاندا
شۆڕکردەوە بۆ نێو بۆتەی کڵپەداری
وێڵگە قەرەبرووتەکان و
بۆ خامۆشیی خۆڵەمێشە بەفرینەکانی بەجێ هێشت
دوامین جاریش،
شاعیرە گومڕاکەی دۆستی کۆڵانەکانی منداڵیی
دەفتەری ساڵگارە بێگەردەکانی غەریبییەکەی
سپارد بە سۆمایی ونی پۆستەبەرێکی بێ نەخشە
ئەویش لەنێو مەودا دوانەهاتووەکانی بارانستان
نەمرییە داگیرساوەکانی بەخشییە
کوژانەوەی داکردنی چاوەڕوانیی



## مەوجوود سامان

لە یادی ئێوارەیەکی بێ ئاسۆدا
دیدەکانی دەخستە نێو بادەی لە مردن نەگەیشتن
بە پەنجە خۆڵاوییەکانی ڕووخساری ڕووتەڵەی دڵی
لە نێو چوار چێوەی بێ ڕەنگی
بای بانیژەی ئێوارەکان، ڕەسم دەکرد
دەترسا نەخشە جوانەکان لێی بڕەنجێن
ئاوێنە بێ سێبەرەکانی تاریکیش
بە ترپەی لاساری بڵێن
لەو شاعیرە وێڵانەی شارە دوورەکەی پتر نییە
کە دڵی دایکی بە میهریان
بۆ خۆڵەمێشی سەر نوێشتیان دەسووتا

## عەبدولموتەڵیب عەبدوڵڵا

بێشەڵانی ئەبجەدییەتە بەرزەکان دەڕنێتەوە
ڕەنگی وشەکان بە نێو وەرزە تاریکە چەمووشەکاندا
تلۆردەبنەخوارەوە
بەرەو فەزایەکی جوانی بێ تان و پۆ
باڵی پێواری مانا ئاوەڵا دەکەنەوە،



ئامێزی مروارینی ئەستێرەیەکی بەسریوە
دەیانڕفێنێ و
مافووری داڵدەی ڕۆحێکیان بۆ پڕ دەکات لە زەخرەفە
ئاژاوە پەپکە خواردووەکان
بەرەو وێستگای ئێوارە نیگەرانەکان بەڕێی دەخەن
کە دەگاتە سەر بەستێنی ئەو ڕووبارە شێتۆکەیە
وڕێنە شۆڕەوە بووەکان دەتەکێنێ و
پووکییەکان لێوان لێو دەکات

**تۆ، تroووکەیەکی درامیت**

## ڕەهەند

پێ دەخەیتەسەر ئاستانەکانی هاتوو
ڕابردوویەکی ناگۆڕێیت
بەڕۆخی نەبینراوی بوون
تلۆر دەبیتەوە خوارێ



## گەوهەر

دەگەینە سیحری شوێنەکان
هەتاوەکانی ئەندێشەت دادەگیرسێن
بۆ گەمارۆی تاریکایی
پێکانی گەوهەرە دەساژۆکان ڕادەگەیەنی
شوێنێکی دوور و ڕوناکە لە ئەندێشەت
بە چاوەکانت دەیگری و
لقی سەوزی پەنجە بێ ئیقاعەکانت
لە نێو بادا دەمێننەوە

## ئومێد

لەپەکانت، ڕێژنەی چاوە برینگەکانت
ژاوە بوونی ئەنگوستی هەورە
دەروازە داخراوەکانە
لێوەکانت،
وێڵگای پەیڤە سەراسیمە و نەگەیشتووەکانە
چەقی ئەندێشەت ئەودیووی دونیای هەتەرە
بەرماڵی تا هەتا شینی ئاوەکانە
هاتنە دونیای
شەپۆلی مردووی ئومێدە دوا کەوتووەکانە



## ڕۆژگار

دەچیتە دەرەوەی ڕەهەند
چەمێک لێوەت سەردەکات و
لە ئەبەدییەتدا وندەبیت
دەچیتە دەرەوەی زەمەن
بایەک هەڵکات لەگەڵ خۆیدا دەتتەکێنێ
بایەک هەڵکات
دەستبەرداری لق و پۆپ و بێشووماریی گەڵا دەبیت

## پەپوولە

ڕۆژێکی بێگەرد وەک درۆی سەرابەکان
لاپەڕە زەبەندەکانی  چاوەدوویی
ئاگردانی ڕەتکردنەوە
دزە نیگات ڕسوای بینینەکان دەبێت
هێند بێوەریی بەبێ هاوتایی بەژنتدا هەڵدەزنێ
ئەشک دەبێتە جۆلانەی ئاوێنەکان
سەرت لەنێو بەدمەستییە لاژوەردییەکاندا وندەبێ و
گیانیشت دەبێ بە مەلێکی گەندەمووییی
دیسانەوە، لەنێو ڕوناکییەکاندا مەلە دەکات



## هەوسار

بەرد  چاوانت شلوێ دەکەن
خوێن دەبێتە شەقامێکی خۆڵەمێشیی
گەردنی شار
ئاوریشمی هەناسە لەخۆی دەئاڵێنێ
زەمین، ڕاکردنەکانت و
ئەشکەوت باڵای جیلوەداری بەرسێبەرت
دەگێڕنەوە
خەونەکانیشت، مەوسمە بێ هەوسارەکان
دەیکەن بە پاییزە گەڵا

## گەڵاکانی تەم

ئۆخژنی سەهەندەکانی چڵە پۆپە
گەڵا وردیلەکانی تاریکی و
زەمەنی شێتی بەر پەنجەرەکەت
سەرمای دەستەمۆکەری گوناهە ڕەجاڵەکان و



بێگەردییەکی ناسک لەگیانتا، باڵادەگرن
دەڕوانیتە شەو و
دامێنی شەقامە پڕ چرا بێ کۆتاییەکان
بالکۆنەکەت لە ئامێزی زەمەن دوور دەکەوێتەوە
پەلوپۆی ئاوینی سەفەر
لەسەر لەپی کەفاوی خۆی داتدەنێت و
وەکو تەمێکی ڕەنگاڵە
لە چڕ و پۆی گەڵاکاندا ئاوا دەبێ

## قەوزە

لە بەندەرە ئاوییەکاندا
لەپە پڕلە وشەکانت ئاسۆ نزیک دەخەنەوە
چەکامەکان
دەخەنە نێو تەمتومانی ئاسکی لەبیر چونەوە
چاوەڕوانیی
قەوزەی خەستی ساتە تێپەڕیووەکانەو
کەفی بلووریی شەپۆلێک مەستی دەکات



## ساتە ئەبەدییەکان

ترووسکەی شەو
چاوە سەراسیمەکانت بەشەوارەی سۆڵیی دەخات
بە ئەبڵەقیی، پێڵوەکانت گرێ لە تیشکەکان دەدەن
هێدم هەوساری تاریکیی لە دەست دەنێ و
دەتخاتە سەر زینی چرا ڕاکردووەکان
لە ڕابەدەر خاتر جەم
بەرەو خەونە وردیلەکان هەنگاو دەنێی
دونیایش بەرەو بێ کۆتایی
بەردەوامیی لە بەرۆکی کۆچە جاویدەکەت دەدات

## سەداکان

هەموو سەداکان پێیان وت
بەرەو تخووبە دوورەکان
بەرەو دونیای خۆڵەمێشی سێبەرەکان
سواری زینی گەرد و تۆزی ڕێگا مەبە
نادیارییەکان بە دوای خۆتدا جێ مەهێڵە



نەبادە بەیەک نەگەن و
لە دووڕیانە لیڵەکاندا تێک نەئاڵێن
با هەنگاوە وەریووەکان
لە چۆڵەوانی ئایندەدا بزر نەبن
زێوانەکان تەریک نەبن،
کێلە نەوییەکانی دیار
نەبنە شوورەی قەنەوولیی
ئاپۆرە بێ مەرامەکانی بۆشایی

## وەخت

نەیزەکێکی بێ ئەندازەیە، سەرەڕۆ
هەسارەی ڕۆحت هەپرون و داهێزراوە
وەک مانگ بە ڕەبەنیی و تەنیا
دەتکات بە داوەڵی ئێشکە ئەبەدییەکان
دەبێ ببیتە سێبەری یادەوەری
لە نێو لەبیر چونەوەدا
خۆڵەمێشی سەر ئەستێرەکانی گیانی
لەسەر بەژنی برژانگە زراڤەکانتا لەبیربکات



## سپاردن

پوورەی ورووژاوی سەرت
دەخەیتە نێو ساتە پڕ ئارامەکانی ئایندەوە
دەبێ لە سارادا لم بیت
لە ڕێگاکانیشدا دووڕیان،
لە دارستاندا باو ئاگر
لە پشووە بێ ئۆقرەکانیش
ترپە و خورپەی ڕووت و ڕەجاڵ
لە بنارەکاندا  هەڵدێر بیت
لە کەلاوەکانی هاتوویشدا باڵت هەبێ
تا شەپۆلە کانزاییەکان نەتسڕنەوە

**له كۆڵانە دوورەكانی نەگەڕانەوەدا**

**وێستێک**

## خێوەت

پەنجەرەکەت، بەسەر بێ هاوتاییەکاندا
ئاواڵە دەبێتەوە
سەدای شەوگار نا چێتە گوێت
چرپە تاریکەکان دە چڕی
سەربوردەی یادێکی دووری تاریکولێڵ
گوێی تەزیووی سپینداره زینهارەکان
ڕێچکەی ئاڵۆزی نێو کەشکۆڵی



بەسەرهاتە پڕ حیلەکان
گوێسەبانەی شەونخوونیی
تەمی سەر گاشە بەردەکان
ئایەتی وشک هەڵگەڕانی
بازووی کەسکی درەختەکان
تەلاری شوومی بۆشایی
قاغی ڕەشی قەلە بێ مەیلەکانی کەناری گزنگ
فیگۆری شەوێکی چڕی بێ ورشەتر
ڕۆدە چێتە نێو خێوەتی هەڵایساوی
هێشووی گرمۆڵەی سۆمایی

## چۆڵایی

تەنیاتر لە جریووەی دەساژۆی سەر تابلۆی شەو
لەسێبەرە پێوارەکانی ئەودیووی
چەنەبازییە جوانەکانی تریفە



چۆڵ و تەریک، شەقامەکان دەبینێت و
پرینگانەوە گەمارۆی دڵی دەدات
گفتوگۆی شەقاوەکانی قەمتەر دەکاو
بەتالووکە، لەگەڵ شۆستە سەبوورەکان
خۆی تێکەڵی کۆسپەی دەرگاکان دەکات و
شەو چەشنی بوونەوەرێکی کپ و ئەبڵەق
سەری جێماوی هەڵدەگرێ و
تەمەنی دزە کردووی وەخت لە خۆیەوە دەگەوزێنێ

## ئەفسانە

سێبەر ئاسا دەکەوێتە دوای خەونەکان
ڕێی بێدوایی لە باوەشی هەنگاودا دەشارێتەوە
توێشەبەرە و بیری سەهەندەی نامۆیی
لە شەوی دەوڵەمەند دەدزێ و
تاریکایی خێوەتی سەرتاسەریی



لە نێو گلێنەی خۆشییەکاندا هەڵدەدات
هەڵەمووتی غەریبی هەڵی دەلووشێ
لەژێر خرمەی سمەکانی تۆز و غوبار
لە ژێر تەمی کەڵکەڵەیەکی قارسدا
چاوە ورشەدارەکانی دیار نامێنن
قەرزداریی شەقاوە شەڵاڵەکانی
بە دووی نووتەکیی شەوارەی کاروانچییە بەڵەدەکان
ترپە شەیتانییەکانی ئەو چرا دوورە
لە دڵی ئەفسانەکاندا نقووم دەکات

## بوڕکان

بەڕەهایی،
لە چەقی هەیاهۆکانی هەناسەدا سەقام دەگرێت
پەیڤەکانی فەزای ڕەنگاڵەی ناوەوەی ژاوە دەکەن
وردە ئەڵماسی نایابی بێدەنگییە پاییزییەکان
لە جیهانی هۆگری و لە خۆڕاماندا جێ دەهێڵن
بەڕەهایی،



لەسەر قووللەی کەژاوە ئۆغر کردووەکان جێگیر دەبێت
سەرما پەپوولەی نێونیگا
دەکاتە میوانی چرا یەخسیرەکان
پیتەکانی، پەڕەوازەی ئێواران و
تەڵەزمی چەتونی خەونە دوورەکانن
لە نێو تەقینەوەکاندا
دونیا وەدی نەهاتووەکەی بزر دەکات

## بەیاز

دەچێتەوە ژێر سێبەری
ئەو کیشوەرەی لە نێو دومانی بەسەر چوو
نهێنی ئەفسانەکانی ڕابردوو ئاشکرا دەکات
بێجگە لە ساڵەکانی عومر، هەموو شتێک لە دوێنێدا
بە ئاوایی خۆی دەسپێرێت



نیگاکان دەرکراون
جێ سەقامی خۆشەویستی کەوتۆتە نێو بەیازەکانی یادوەری
هەتاو بە چاوشارکێوە
پشیلە ئاسا خۆی لە دەرگا داخراوەکان هەڵدەسووێت
برژانگە تەوەزەلەکانی وەرزێکی لەبیرکراو
ئۆخری بەلەزی کاتەکان گرێ دەدات
بەکوێرماڵیی شتە ڕمۆکەکان دەگرێ و
دەخزێتە نێو زیووە دانسقەکانی شەو

## دەق

وەک ڕەوەندەکانی زستان بێ سێبەرە
هەر دەڕوات و درەختی ئاوڕەکانی چرۆ ناکەن
خۆڵەمێشی وێرانییە هەردەمییەکەی
دەکات بە قەقنەسی جوانی و
ئەفسانەی تازەی نێو زێدی سەردەمەکان
هەر دەڕوات و
درەختی ئاوڕەکانی چرۆ ناکەن
غەوارەیی لە دەقە نەنووسراوە
پڕ ترپەکانی هەمیشەیش دەسڕێتەوە



## چڵ و پۆپ

لە کوێوە سەر چاوە دەگرێت
لە تنۆکە پەمەییەکانی هەورەوە،
لە باڵی نابینای ئاوە لۆکەییەکان،
یانێخۆ بێ کۆتایی
بە ڕەگە بێ ماندووییەکانی جەنگەڵدا
دەچنە خوارێ
لە گوڵە ئاڵەکانەوە،
لە گەڵا چڕو شەرمنەکانی تۆز و خۆڵ،
یان لە کوێوە
وەکو دارژاڵەی بوردەبار
دیرۆکی چڵ و پۆپی خود
دەخاتەسەر ڕەنگی چڕی ڕژانە دوا نەهاتووەکان

## ساتەکان

لە نێوترووکانی پێڵوو
سەرشێتانە گڕی ئاوێک ئۆقرە دەگرێت
زریان لە بارتەقای جەستەو



کرێوەی بێهەدادانی ئەودیوو دەرگاو شەقڵەکانی یادەوەری
باڵەفڕەی مەندی ساتە ڕۆیشتووەکانی ئەوێندەریێ دەڕفێنن
هەتاوێک بەسەرەتاتکێ
لە نێو کشاندا دەپڕووکێت
شەپۆلە بێ دوواییەکانی
شینایی هەموو ئاوەکانی دەکەونە ئۆغر کردن
سڕینەوە تراویلکەیەکی دوورە
جێ پێ هەڵگرتن دەبەخشێتە تینوێتی

## هەڵنە چوون

لە بارتەقای ماندووی جەستە
ڕیشەی شێداری ئەو سۆزە
سەرەتاتکێ لەگەڵ هەتاو دا دەبەستێ و
سووتانەکان بە گەڵا و پۆپی نیگادا هەڵدەزنێن
ڕەشەباو تۆفانەکانی بەربەیانیش



دزێوییە بەرجەستەکانی چاو نادزن
هەڵچوونەکان، دەمێکە زەمەن جێی هێشتون
دەکەوێتە بۆتەی لاوکێک
زیخەکانی نەزۆکیی مشتومالْ دەکات
هەتاکو تەمی پەشمینی سەرزەمانی منداڵکاریی بسڕێتەوە
خۆی ون دەکات

## سەوزایی

لەودیوو دەروازەی لمەوە
دوورپیانێکی زەعفەرانیی شەقڵ دەگرێت
وشک هەڵگەڕان، لە ڕەوتی ئاودا کاژی خۆی فڕێ دەدات
گوڵە سونبوول، مێروولەکانی شنەبا
بڕۆنزی داپچڕاوی چاوەکان



لە باڵای سیحرێکی ئاسۆییەوە دەپێچن
سەوزایی بە دیوارەکاندا دادەگەڕێت
بەڕێگا شەوییەکاندا مل دەنێت و
خاترجەم و تەنیا دەڕوات
درەوشانەوەی سافی نێو داکردنی لیزگەکانە
سەری لە کۆشی پڕ میهری کاکێشانێکی سەرابیی
بە تەمەکاندا ڕۆدەچێ و
هەتاهەتایە دەچێتە ئەودیوو بینین

## ماسیی

ئەگەر دڵی، ماسییەکانی مەرگ تیایدا یاری بکەن
هێشووە پۆلووی حەسرەکانی هەمیشە
لە لێواری گەشانەوە بەلەسە دەبن



ئەگەر شەپۆلە بزۆز و کەفاوییەکان
دەریایەکی پڕ ڕەهایی
لە دڵیدا داگیر بکەن
کەنارە ئاسۆییەکانی دنیایەکی تژی لە لم
بە هەتاوە تەوەزەلەکان دەدەن و
ماسییە بزێوەکانی ڕووباری دڵ
لە سەوزاییەکی ئاڵدا چرۆ دەکەن

## دنیایەکی دی

گەندەمووی ڕۆحێکی مەنفی
لە ئەشکەوتی پیێواری پزدانەکەی،
خۆی لە ژینێک بیێبەری کرد
لە قەمچەکانی ئاراوگای ڕابردوودا
ساڵەکانی ئامبازی پەژمووردەیی بوون



ڕەنگی یاخی بوون، گەڵاکانی تولازییان وشک هەڵگەڕاند
ئومێدێک چووە نێو جەستەی بێ پایانی
نادیارییەکانی ئەودیووی پەژمووردەن و
بێ سنووریی، دوایی هات و
جارێکی تر
گیانی بچکۆلەی، لەزەنزانەی ڕیوەڵەی کورتی باڵایدا
بەرهەڵدای نێو فەزا بێ دیوارەکانی
دونیا ئەو دیووی ئاسوودەی ڕەنگەکان بوو

**باڵندەکان قەت ئاسمان لەکەدار ناکەن**

## ڕەنگ

لە یادەوەری ئاسماندا
ساماڵ ڕەنگی کژێکی بەرپێوارە
ڕەوە گەڵا وەنەوزییەکان



خۆ دەهاونە سەر خەونی ڕەگە خۆ حەشارداوەکان
هەمیشە هاوخوی ئەو مەلانەن
کە ئاسمانەکانی خولیا
بۆ ئەو خەونانە جێدێڵن
کە جوانییە نەسمراوەکان ڕاو دەنێن و
لەودیوو ئاسۆ لەکەدارەکانیشەوە
دیار نامێنن

## چارەنووس

هەمیشە،
ئەوانەی تۆ بە نیگایەکی ناکاویان
دوا هەناسەی خۆت دەبەخشی
زۆر درەنگ وەخت



پەی بە قەقنەسی ناسووتی دڵەکەت دەبەن
زۆر درەنگ وەخت
لە مەملەکەتی نادیاری هەڵکردندا
باڵی چاویان لێک دەترازێ و
لەسەر سیمای پەژمووودەیی هەڵ دەکورمێن

## سەر چاوە

**تۆ دەتوانی بە شەپۆلی قەترانیی خوێنەکەت بڵێی**

**ئێستێ بگرە**

**بۆ ئەوەی دوای تێپەڕینی ساتە قورسەکان**

**تێبینی ترپە ناشاد و خەمبارەکان بپارێزی**



**تۆ دەتوانی لە پەنجەرەیەکی لماوییەوە**

**جیهانێکی سەمەرە و جوان بەدی بکەیت**

**بڕوانیتە بای  چەتوون و**

**هەناسە دێرینەکانت بناسییەوە**

**ئازارەکان ڕاڤە بکەیت**

**بەو تاقە سەر چاوە شینە ئاشنا بیت**

**کە لەگەڵ پزدانە لێڵەکەی عومرتدا سەرهەڵدەدات**

## پرد

لەو میانە، چرپەیەکی ڕەشداگەڕاو
پردی کۆچێکی بەمەودا ڕایەڵ دەکات
تاقە ڕێگایەکی لەبار
لەبیرنەچوونی باڵەفڕە و



تەیکردنی ئاسمانی لەکەداری پشت ئاسۆگەیە،
تابیێچووە کوکووختییەکانی تەماشا
بە بانیێژەکانی هەراشبوون بسپێرێت و
هێلانەکانی منداڵیش
لە ئاوێنە جوانەکانی سەرەتادا نقووم بکات

## جاویدانیی

دەستەکانی، نەیانتوانی ڕەنگی ئاسۆ
بۆ نیگای ئومێدەکانی بڕفێنن
دۆزەخ بێدەنگیی هەڵلووشی و
سەدای خۆشڕەوی کانزاکان باژێڵە بوو
بەژنی ڕەگێکی دیرۆک بوو
نەزۆکیی ئایندەی دووری دەنووسییەوە



## ژیانێک

سەرەڕۆییەکەی تاریکی داوەتە کۆڵ
ناخی کوورەیەک جۆش دەداو
ئەنگوستەکانی، هەورەکان دەتەکێنن
پەنای بردۆتە بەر پریاسکەکەی سەرشانی
لەسەرپشتی ژیانێکی سیس و ژاکاو
کەرنەڤاڵ بۆ پەلەقاژێ هەڵدەبەستێ
ئەو ساتە دەچێتە فەزای تەنیاییەوە
کە لە نێو لەپی وەرزێکدا
تەڵە شقارتەیەکی سووتاوە و
بە یادوەری داگیرسانی سپاردووە

## ئیکسیر

بەم دەرگا کۆنەی یادوەری
کلیلێکی بریقەدار هەڵدەواسم
جەستە هێندەی فانۆسێکی کز ، تینووە



سەریش دەڵێی
لەنگەری کەشتییەکی ڕاوەستاوی بەندەرەکانی دۆزەخە،
تەمەن خۆڵەمێشێکە مەست
ژیانیش عەنقایەکی کڵوکۆ دامرکاوە
بەرەو بۆشاییە دوورەکان
ئیکسیری بەرهەڵدایی دەنێرێ

## ئاستانه

وەکو با، سەدای بۆشاییەکی وەحشەتناک
پەیڤی خەوزڕیی دەخستە کتێبی ڕادێرانەوە
بۆ ئاوسبوونێکی دیکە
دوورایییەکانی کیشوەرێکی زەخرەفەداری بیردە چێت



کە ئاستانەی باخەکانی ئەمازۆنیا
تیشکی بەیانیان دێتەسەر، شەمشەمەکان،
دوعا خوازییان لە ئاسۆی شەو کردووە و
گەڵاکانیش، وەک چرکە  چرکی کاتژمێر هەڵوەریوون
دوای درەنگانێک دەزانێت
میوانی مەوسمێکە خۆ ونکردوو

## تەریفە

لە ئامێزی دڕندەی بەفری تەنیایی
پاساری بچکۆلەی سینەی خۆی شاردەوە
وەکو هەورێکی دڵشکاو



گریان هەناوی خستە ناو مستی گوشین
هەتاکو خاکی شەقاری ترپەکانی
دەستبەرداری ئاهووەکانی کەوێری هەڵکردنێک بێت
کە بۆ ڕەهایی تەریفەی هەرگیز ناشکێ

جێت دەهێڵم،

تا هەمیشە بۆت بگەڕێم

## ئاراسته

خەمە ڕام و بێ ڕەنگەکان
ماشی سەر و ڕیشە پەل هاویشتووە زبرەکەی
دەخەنە ژێر ئاشی سەرابێکی دوور، گەلێ دوور
لە تاقە ژوورەکەیەوە
دەلاقەیەک، بە بارتەقای خەونێکی زڕ
بە یەک ئاراستەی سەرەوخوار دەکرێتەوە
تێڕامانی چاو جێدێڵێ و
دە چێتە نێو کێلە تۆز لێ نیشتووەکانی دەم ئێوارێ
ئا لەوێدا
سامێک گەمارۆی دەدات و بزر دەبێ



## دابەزین

لە نێوانی فریووەکانی نیگادا
حوشتری سەر لمی ماڵئاواییەکان دەیبات
ئەنگوستە کەسیرەکانی مشتێ خورپە
تێکەڵ هەنگوینی شەرم دەکاو
بەسەرپشتی ڕاوەستاوی سێبەرەکانی یادوەری
سوار چاکەکانی ئاژاوە
دادەبەزنە قووڵاییەکانی دەروونی و
لەسەر دڕکە نەرمەکانی بیابانی زەردەپەڕدا
کەنار دەگرێت

## تاشەبەرد

لە چاوە تیشک پرژێنەکانیدا
وەک ئەستێرەیەکی وێڵە
شتێک، گۆرانییە تاریکەکەی دەڵێتەوە
شتێک، لە بناری سەرشێتی دڵەکەیدا تاڤگە دەکات



دەچێتە سەر تاشەبەردی ئارەزوویەکی گەردوونیی
دەڵێی نیهاڵێکی تازەی لێڕەوارە نادیارەکانی شانشینی خودایە
هەناسە دڕندەکانی
تەلبەندێکی تەلایی جوان، بەدەوری بەژن و باڵایدا هەڵدەپێچن
دەڵێی باوەشی میهرێکە تاق و تەنیا
لە بۆتەیدا
دۆزەخە ڕەنگاڵەکانی تاریکایی
خەریکە خۆ مەلاس دەدەن

## کێش

دنیاکەی پووک دەبێتەوە
دنیاکەی، چیدی مێرگێک ناخاتە بەر سارای دیدە
لەو مەستییە بێکۆتایە
جیهان فڕێ دەداتە ئەودیوو ڕادێران



هیچی دیکەی لێ دیار نییە
خۆ بەرەو کوێندەرێ بەرێت
ئا لەو هەوایە بەولاوە هیچ شکنابات
بەڕێگای هەڵفڕینیشدا باوەشی شین هەڵدەگەڕێت
کێشێک دەیخاتە پێخەفی هەناسەکان
دەبێ بە خاڵێکی تاریک
لەسەر کوڵمەی قەدەرە لێڵەکانی ئێواران
جێ دەمێنێ

## مەلەوانیی

وشەکان دەبنە بۆشایی و
ڕادێران دەکەوێتە نێو دنیای مەلەوانیی
ئاسمانەکان هیچ ناگۆڕێن و مەلەکان
وردە جووڵەن
ڕەنگی دوورن



دەکەونە بەر لێڵیی دیدەو گومڕایی تێڕامانەکان
تەمی هەڵچوو دەبێتە پەردەی ئەودیووی پەنجەرەکان
بەرد و ڕەوەندی تاریکیش
لەسەر تەڵەزمە ئاوییەکان
بێ هەدادان تەماشای خوارەوە دەکەن

## لە نێوانی پەنجەرەکان

تۆ وەکو کەس لە یەخەی زایین نەدرایت
لە نێوانی منداڵدان و ئەم پەنجەرە بێ هاوتایەی
کە دەنۆڕێتە بۆشایی



ئەو، دونیایەکی بچکۆلانەی هەڵبژارد و وەک گوڵ ئەستێرە ئاوا بوو
لە نێوانی پەنجەرەکان
لەسەر سێڤدەری سترانە پڕ ڕۆحەکاندا دەوەستایت
پەنجەکانت دەکرد بە جیهانێکی دی
هەتاکو ئەستێرەکانی پیا هەڵزنێت
گۆرانییەکانت دەکردە چراخانێک
بۆ ئێوارەی شینایییە نووتەکەکان
باڵی شەفافی ئاوازە سیحرییەکانیش
پەیڤەکانیان دەخستە نێو ئەو سوولاوکە بە ترپانەی
بەدووی داڵدەی نێو جیلوەکان ئەڵوەدا بوون

## ڕاسپاردە

قەوزەی بزێوو جەنجاڵیی سەعاتەکان
لەودیوو نووری گەندەموویی شیعری زیووین
هۆگری ئارامیی دەبن
کەژاوەی پەنامەکییەکانی دوێنێ
بە کێڵگەی چەوەندەری ئاژاوەکانی داهاتوودا ڕەت دەبێت
شەکرۆکە کێویلەکانی بیرەوەری



دەست لەگەڵ عیشوە دەگرن و
ئاسۆی دوور دوور، خەونی پاکیزەی چۆلەکە قەتیسەکان دادەپۆشێ
بۆڵێک جادووی تەلیسماوی
لە بەرۆکە ئاوەڵاکانی ژووان دەدات
کاتی لەبار چووی ئایندە بە نەهاتن دەوردراوە
پڕێتی لە وشک هەڵگەڕان
پڕێتی لە مەرگی هاتووی ڕاسپاردەی تاریکییەکان

## جارێکی تر

جارێک لە ڕۆحی سەرشەقت دەست هەڵدەگریت
نکووڵی دەبێتە شەو و
وەکو تەم بۆ لێڵییەکان بەجێت دێڵێ
جارێکی تر



ڕۆحت دەدەیت بە شەیتانی نکووڵییەکان
تاکوتەنیا سەری یاخیت لە نێو تاجە دڕکاوییەکانەوە هەڵدێت
بۆ دواجاریش لە ڕۆحت زینهار دەبیت و بەجێی دێڵی
چاوت لێیە
لەسەر ئەو درەختە بەرزە
تا هەتایە سەقام دەگرێت

## باڵەفڕە

بەر لە سەفەر، چرپەیەکی ڕەشتاڵە کەوتە نێوانیان
پەلکە ڕەنگینەیەکی شەرمن لەو دوورە ڕایەڵ ببوو
ئەو پەنجەرەیەی سەرەوەی کردبۆوە



چونکە تاقە ڕێگایەک بوو
بۆ باڵەفڕەی لەزەت و ڕەسم کردنی ڕەهایی
لە ئاسمانە فانتازییەکانی پشت ئاسۆ
پێی وت: قەت لەبیری نەکەی
کە هەر بە تەنها پەنجەرە لە بارترین چوار چێوەیە
تا بێچووە کوکووختییەکانی تێڕامان
بڕواننە هەراشبوون و
هێلانەکانی منداڵیش بۆ ئاوێنەکانی دوێنێ تەرک بکەن

## چوون یەکیی

لە نێو لمە میهرەبانەکانی جوانیی
بۆ چ کاملێییەک عەودالێ و ئاوا دەبیت
وەکو چەمووشێکی نایاب سلێ لە هێمنیی دەکەیت و
دەستەویەخەی حیلەکانی تاریکاییت
دابین ناکرێ چوار ناڵەکانی غەریبیت،



لە هەموو بانێژەکانی عومری خۆتدا
نیازی هەنگاوەکانت، سەردانەوەیەکی تری دیاری ڕابردووەکانە
چڵی تیشکەکانی چاوت لەگشت جەنگەڵێکی دونیا
مەرگی چوون یەکی گەڵاکان بەرجەستەی نێو بینین دەکەن
گەر بچیتە نێو بێخی کەسکایی هاتووە دوورەکانیش
دەست دەخەیتە ملی گەڵایەکی جوان و
هەڵدەوەریتە نێو خاکە چوون یەکەکان

## داكشان

تاریكایی هاودەمی بوو
ئەسپی كەنەفتی یادوەری دا بەسواری خواستەكان و
خۆی هەڵدایە نێو ڕۆژگارە فەریكەكانی دێرزەمان
دایكی بینی، درەختی پەندەكانی خۆی دەڕنییەوە
دەنگێكی پڕاو پڕ لە خۆڵ
نەوازشی بە گوێچكە بێ میهرەكانی پیریی بەخشی و



لە چاوە ئێشك گرەكانیدا بوومەلەرزەیەكی جوانی بیركەوتەوە،
ئاسمانی ڕەش، قەڵاندۆشكانی دەڕووشاند
دەریای دڕدۆنگ، لەگەڵ كەرنەڤاڵی ڕەنگە ئاوێتەكانی نێو ئاسۆ
دوور لە داكشانی جەستە
میهری خۆی لەناو ئاوابوون حەشار دەدات
لە ژێر دوا پشووی هەنگاودا
زەوی نییە تاكو لقەكانی جەستەی
كێلێكی كەڵەگەت بگرێ،
كە هەتاوی مناڵدانێكیش كلۆكۆی دادەمركێ
لە كوێدا بە ئاواییە سەخییەكان دەیسپێرن

## خلۆربوونەوە

درەختێکە، قەندیلی نەفرەت دەخاتە ئەسکوردی وشکەڵگەڕان و
وەکو وەرزێک،
لە مێژووە خورافییەکەیدا دە چێتە نێو بەرجەستەیی
بیردەکاتەوە جێی بیلێت



لە نێوەندی تێکچڕژانە شەیتانییەکان
فریشتەیەکی هێمنە، ڕۆدە چێتە بۆتەی ئاگرە نەمرەکان
نا چێتە دەرەوەی فەسڵەکان
چاوەڕوانە خۆشەویستی ئارمانە خامۆشەکانی داگیرسێنێ
خودی لاسار و سەرکێشی
لە بۆشاییەکانەوە، شەقاوەکان تووڕهەڵدەدات
ئەوینە وردوخاشەکەی
لە نێو چێوەی فەنابووندا بەدی دەکاو
خلۆردەبێتە خوارەوە

**دەپێم بڵێ**

**بۆچی مەنفا جێگای خۆ دۆزینەوەیە**

## هەڵەمووت

نەختێک غوباری بێ ڕەنگی ماندوویەتی
لەودیوو نینۆکە زەردیلەکاندا چونەتە نێو خەوەوە،
گوێ بۆتە فەزای لە دونیا دەر چوون
گۆرانییە سەرپێییەکان



دوای ئاسەواری بێ ئۆقرەی ئاوریشمەکانی ئاواز
کەوتنە بەدرەقەدانی ئەو ساتە بەرجەستە بووەی
نێوان ڕۆیشتن و مانەوە
کە فوارەی بەلەباریکی پێڵووەکان
بە ئاسۆی بێگەردی پیریدا هەڵشاخان
یاڵی خۆزگە گلاوەکان
لە هەڵەمووتی نادیاری بایەکاندا
تلۆربوونەوە و کەوتنە
نێو بەهەشتی گڵکۆ تەریکە جوانەکان

## کۆچ

ئاسمان، لە یادەوەری سامالّی بێ ڕەنگ و ڕوو
دومانی تێڕامانێکی لەبیر چووە
شینایییە بزێوەکان پەرتوبڵاو دەبنەوە
گەواڵە بێ سرەوتەکان لەو ئامێزە بێ میهرەدا



گەمە لەگەڵ بادا دەکەن
دەڵێی بووکێکی خەمگینی چاوەڕوانین
دواساتە زەردەپەڕییەکان هەڵکردن پەلکێشیان دەکاو
هەتا لە بێگەردییەوە
تلۆری هەڵدێرەکانی تاریکی بن
بەرەو بێ کۆتایی دەڕۆن
تاڵە ئاڵتونییەکانیش
بە ئاڵۆزکاوی دەخەنە پێخەفی بەردەکانەوە

## گوزەر

درەختێکە خۆڵەمێشی لە نێو ئاوریشمی قۆزاخە تۆزاوییەکان
گەڵای پەژمووەدەی ساتەکان بە هەڵدێری تێپەڕیوودا دەوەرێنێ
بیرەوەرییە پەرتەکان و عومری ئەشک و ئاراستەی با
تاقە ڕێیەک دەگرنەبەر



هەر دەڵێی بەر لەبوون بایە هەڵکردووەکان
هۆبەی ئەویان بۆ ئەم وێڵگایە ڕاداوە
تەمەنی هەموو ساتەکان
لە خۆوە، تەونی مۆری ئەبەدییەت دەئاڵێنێ
تەنها یەک تاقە ڕێ هەیە
پیایدا لەگەڵ شەبەنگە گەڕیدەکاندا گوزەر بکات،
تەنها ڕێیەک لە نێویدا بێکۆتایی بوونی عومر
لەشێی ژێر زەمینی ئایندەوە وەربدات

## دڵێکی تر

لە شارێکی کێویلەدا، ژاوەیە لە چرای یاخی
مەودای تیشکەکانی عومری دەتەکێنێ و
عەشقێکی دوور، حەزە قەدەغەکانی سەرکەوتن
دەنێرێتە بێکۆتاییەکانی ئاسۆ و تولاّزییەکەی دەسڕێتەوە
ڕێگا شاخێکی نادیارە،



هەڵدێرێکە، بەژنی هێندەی کەوتن بەرزە
لەو عەرشەی نێو هەورەکان و سەرابی بەفر
برینێک ژەنگ بە هەڵزنانەوە دەبەخشێ و
جوانوویەکی کەللەشەق کە دڵی ئەوە
ماڵئاوایی لە چوار ناڵەی ترپە دەکات،
هەستێکی لاسار و چەتون خۆی هەڵدەداتە خوارەوە
خامۆشییە گەردینەکان دەخاتە نێو بەرجەستەیی
دەستی یەقین یەخەی دەگرێ و
لە نێو داخورپانەکاندا ڕەگی یەکجاریی دەکوتێ

## عەشق

سێبەر هەڵدەوەرێنێتە سەر ترپەی کاتە شپرزەکان
بەسەر سارای بێسەروشوێنی دەروون و
تیشکەکانی ڕووانیندا
تلۆردەبێتە خوارەوە



هەورێکی گەڕیدەیە، کەوتۆتە پێش شوانکارەی با
بـــەرەو ئاواییـــە لەقـــەکان هـــەنگاودەنێ و شـــینایی خـــۆی
دەتەکێنێ،
نازانێ چۆن چۆڕاوگە هۆگرەکان
شۆڕبوونەوەی کوانووی گەشی درەنگانێ
لە هێلونە مەنگەکاندا هەڵدەبەستن
شۆڕەبییەکی ملکەچە، لە ژێر سێبەری کاڵی دا
ڕۆحی سەرخاچی سەوز سەوزی وەرزەکانی هەڵدەلەرزێ،
تەنها سێبەرێک دەبینێ
ئاسەوار بەجێ ناهێڵێ، دێت و دەڕوا

## باڵۆن

ساماڵ لەبیردە چێتەوە
ئۆخژن دەکەوێتە ڕەحمی جیلوەداری ڕابردوو
نوتفەی خەونە جوانەکانیش



دەکەونە منداڵدانی نەزۆکی هاتوویەکی  چاوەنۆڕکراو
با– ڕێگایەک بۆ باڵۆنە ڕەنگدارەکان پەیدا دەکات،
گوڵاڵەی ڕووخسارەکان تەنها لە بۆشاییەکاندا دەکرێنەوە
گەڵاکانیش بەرەو ڕەنگەکانی سڕبوون سەفەر دەکەن
کۆچڕەوی هەڵوەرینەکان دەگرنەخۆو
ئامێتەی ئەو هەنگاوە مات و خەمبارانە دەبن
کە لە مێژە
پاکانە بۆ سەرهەڵگرتنی بێدوایی عومر دەکەن

## بووکە شووشە

**لە کۆلیتەکەی دەتۆرێ، لە دەست زریان**
**لە دەست دژواریی هەڵزنان بە باراندا ڕادەپسکێت،**
**لە پەنجەرەی هەورینی ترپەکانەوە**
**سەرگەشتە و بەلەسە دەبێت**



**بالۆرە هەڵفڕیووەکان**
**لەسەرلێوی بووکە شووشە جێماوەکان**
**بەرەو دیاری خەو دەڕۆن**
**لەنێو چەمە نادیارەکانی سەر ڕێدا**
**پرینگانەوەی ناکاوی تووڕهەڵدەدا،**
**سپێندارێکی بێداری ڕاڕاییە**
**لەودیوو ئاوە بێ وەنەوزەکانی دونیا**
**تێک چرژانی وەرزەکانی**
**بۆ ئاسۆ، شەپۆلەکانی جێ دەهێڵێت**

## ئاسەوار

لە دوورەوە، چەشنی ڕوناکییەک هەڵدێت
گاڤ چرچییەکی تیژڕەوە
دەکەوێتە سەر ڕێگای هەنیسکەکانی
لە دوورەوە، دەگاتە ئەم مەنزڵگایە
ئەم ڕێگایە دەبێتە گۆچانی دەستی



غوبارە بێ ڕەنگەکانی ژێر سایەی جوان و ناسکی لە دایکبوون
لە دوورەوە، چێوەی تفێکی کەف زیووین
مانگێکی نەزۆکە دەدرەوشێتەوە
دەڕوانێتە ڕەهەندی نادیاری بینین
غوبارە بەهزرەکان ڕەویونەتەوە،
هیچ دیار نییە
ئەو بازنە ناوەختە نەزۆکەیش
چاوەڕوانی وشک و برینگ هەڵگەڕانە

## پەنجەکان

**لە بۆتەی گۆرانییەکانەوە**
**وەخت لە ژیلەمۆی گەڕانەوە جێی هێشتووە**
**لە کڵاورۆژنەی تەماوی کلیلەکانەوە**
**دەڕوانێتە تارمایی شەوبۆیی نەسیمە تێپەڕیووەکان**
**دەمێکە دەیەوێ خۆی لە دەست ئێستا ڕاپسکێنێ**



**لە مەودا تەماوییەکانی منداڵیدا بزربووە**
**پەنجەکان لە قەفەزی ڕوناکییە زەردیلەکانی ڕەشماڵی کازێوەدا**
**گوێی دەکەوێتە بەرخرمەی هەنگاوە باستانییەکان**
**کچێنی بەتڵە زراڤەکانی شەو و**
**ئەو پریشکە وردەڵانەی سپێدە**
**لە نێو تررووکەکاندا دەڕێژن**
**پەنجەکانی، بۆ سەمای فریشتەکانی دیاری تەمی سەرمەستیی**
**بەڕێی دووکەڵە جوانەکاندا ون دەبن**

## **هەڵاتن**

**بەفری شیرین کەوتۆتە سەر ڕۆحی تاڵی و**
**تاکو تەنیا، دڵی ڕەقی زستانەکان شەق دەکات و تێدەپەڕێ**
**گوێی لەناڵەی ئاوازێکی بریندارەو**
**پاساری ئازارەکانی، چڵوپۆپەی ئارەزووەکان دەڕننەوە**
**پەلەوەری دۆزەخێکی بێ دواییە،**



**هەڵاتنەکان جێدەهێڵێ و**
**وەک کەفچەڕینێکی سپی، بەرەو کەنارێکی زۆر دوور،**
**لە هاتنەدی خەون دوورتر، سەفەر دەکات**
**کات ڕادەگرێت و پێی دەڵێت تلۆرمەبەرە خوارەوە**
**با پەنجەکانمان بچنە نێو تێکئاڵان و**
**بگەینە سەر ترۆپکەکانی شەیدایی و ئەودیووی ماچ**
**کەچی سەعاتە ژاکاوەکانی زەردەپەڕ**
**تەنها لەگەڵ خێراییدا چرکەکانیان تێکەڵ دەبێ و**
**چەشنی سەراب، دەکەونە پێش هەتەری چاو**
**تاکو تەنیا، کە خۆی لە کیشوەری ئاوابوون دا دەبینێتەوە**
**درک دەکات کە کۆمەڵە هەنگاوێکە و**
**ئاسەواری لە نێو تۆزقاڵێک غوباردا جێ هێشتووە**

## چاوەڕوانییەکی دێرین

دڵەکان دەرباری گەڕانەوەن
گومان لە ژێر لێوەکانەوە پڕن لە هەور
پیتەکانیش شۆڕەبی برووسکەی زیووینن
وادەیە جەناب، تەماشای ڕابردوو مەکە



هەگبەی هەناسەیەکی مەنگ لە ڕووفاتە نەنێژراوەکان پڕبکە
جوگرافیای زێدیش وەک ئیرۆتیکای جەستەیەکی نەوجەوان
لە ئاشناییەکی کەسیرە بگەوزێنە
ژێی گیتارەکانی ڕاستی و لەزەتی بەرجەستەکردن
بدە بە قامکە قووماربازەکانی گفت و بەڵێن
وادەیە جەناب، هەموو چارۆکەکانی سەرهەڵدانمان
بەچاوەڕوانییەکی دێرینەوە لکاندووە
تاکو دەنگە ڕەنگامەکانی ئایندە
لە دارەبازی هەنووکە دوورخەینەوە

**ژیانـــی کتێبێک نییـــە**

**دووبارە بیخوێنێتەوە**

## گومان

پەنجەرەیەکی تر واڵا دەکاتەوە
ئاسەواری منداڵیی، دونیایەکە پڕ لە شیعر
دەڕوانێتە ئاسۆیەک بەجێی هێشتووە
شوێنەوارێک، هەیاهۆی سەداکان ئاوای دەکەنەوە



زایەڵەی میهرە کۆنەکان ئاوێزانی برینە ڕادێراوەکانی ئارەزوون
ئێستا دەبێتە ئالوودەی سەرابەکانی هەمیشە
دەریایەکیش، ورووژم دەهێنێتە ناخی تینوێتییەکان
تاریکایی دا چۆڕاویش بۆ ستایشی ئێستاکان
خۆی لە هێمنییەکانی ئابڵووقە دەگەوزێنێ
پاشماوەکانی منداڵیی دەڕەوێنەوە
دەڕوانێتە دونیایەکی لەمەدار دەر چوو
دونیایەکی بەدەر لە ڕەحمی وەرزەکان
دەکەوێتە ژێر شاباشی سەخیی شیعر
ڕەدووی پەنامە دوورەکان دەبێتەوە
لە بانێژەکانی خواوە، ئاوڕ لە بوون دەداتەوە و
دەبێتە قۆزاخەی هەموو گومانەکان

## **وێڵگە**

**پەنجەکانی، بە مەمکۆڵەی گۆیژەکان نەوازشیان  نەدەبەخشی**
**هەوا گەمارۆی دەگرتن،**
**بەڕەنگ و بۆن و بەرامە باردار دەبوون**
**خەیاڵێک بوو، لە نێو قەتارەی بێدوایی ڕێگایەکی بێ شوێنەوار**



**سەرهەڵگرتن، سەرەتاکەی دەسڕییەوە**
**کەڵەکەی قاتوقڕیی ساڵەکان، لەنگەری بێ هاوتای ژیانی بوون**
**بەنێو وێڵگەی مردووواندا ڕاویان دەنا**
**بیرەکانی، لە مۆزەخانەی سەریدا وشکەڵگەڕان،**
**کەشکۆڵی ڕازاوەی خەونەکانی  چاوەڕوانیی تەلبەندی کرد**
**لەودیوو ئۆردووگای بێڕەحمی تخووبەکانی دونیادا**
**گەڕانەوەی دەکرد بەڕۆحی یاقووتیی خەونەکانی و**
**خەونەکانیش هەرگیز لە دایک نەدەبوون**

## ڕەوەندی مەجهوولەکان

ڕەوەندێکە کەشکۆڵ لەپشت
زەردەپەڕی ڕێیەک دەداتەبەر ئاسۆی هەنگاوەکان
ڕووەو مەجهوولە کەسکەکان ئاوا دەبێ
سترانە کەوناراکانی ئێوارانی، بادەی شیرینی ئەو یادە دزێوانەن



دوای دێرزەمانێکی تەمبەڵ، ڕەونەقی جوانیی دەپۆشن
قامکەکانی، مەستیی دەیانخاتە موو چڕکە و
بە هەنگاوەکانی خۆیدا هەڵدەزنێت
ماندوویەتی، ڕۆحی سەبووری دەڕچێنێ و
لە ڕێگا بێدواییەکانی باوەشی شەو ڕادەمێنێ
مانگ نیهاڵێکی چڵوپۆپ ئاگرینە
وەک دەروێشێکی تەریقەت
سەما لەسەر کەنارە کەفاوییەکانی دەریای شەودا دادەبەستێ

## گالێری

**وەکو بێپایانیی دەریا، لە هاتووە دانسقەکان تێ ڕادەماو**
**ساتەکانی ناو یادوەری**
**شەپۆلی لمیان دەدا بە ئاژاوەو یاخیبوونە بێکۆتاکان**
**تەڵەزمی هەناسەکانی دەگرتە ئامێزی ڕەنگە ئاوییەکان**
**سەرلەبەری سێڵە سرکەکانی گیانی دەبوونە ماسی وردیلە و**
**خۆیان دەخستە نێو ئاوی نادیارییەکانی عیشقەوە**
**وەکو باران ئامێتەی ناخی وشکییەکان بوو،**
**کەوتە میان چاوەدێری بیابانە بە داڵغەکان**



**تابلۆی ڕۆحە تۆخەکەیان، لە گالێری ڕیوەڵەی جەستە جوانەکەی**
**بە پەڕەوازەیی ئەو دیووی چوار چێوە ڕەشەکان سپارد**
**نزیک کەنارێکی بێپایان و دڕدۆنگ بە تێکچڕژانە شێتەکان**
**هاویشتیانە ژێر زوورگی جووڵەداری لمەکان و**
**کەوتە کۆشی نەرمی کەفچەڕینەکان**
**کە کەف شکۆی خۆڵەمێشیی لمەکانی هەموو تەکاند**
**سێبەرەکان، لەنێو شێدا ئارامیان گرت**
**نەیتوانی خۆی لە پەلامارە سپییەکان حەشاربدات**
**ماسییە تەڵاییەکانی بەرهەڵدای نێو**
**کاروانی شەپۆلەکانی ژێر ئاسۆ کرد**

## گۆڕەکان

مانگ، هێشتایش هەر سەروەری شاد و بەکەیفی ڕووی ئاسمانە
شەمشەمەکان، لەژێر باڵە تەنکەکانیان سەداکان دەشارنەوە و
بسکی چڵکنی گەڕەلاووژە قەتیسەکان دەئاڵۆزکێ
لمی وردی دەنگە سپییەکان، لەسەر عەرشی کازێوەداهەڵدەنیشێت
دەڵێی شەهوەتی نەبڕاوەی تەنیاییە



لەزەتێکی بێتانوپۆ، لە کەندالی مەوداکاندا ونی دەکات..
تەمەن گەیشتۆتە ناو وێستگای تاریکایی،
ڕێ لە هەنگاوەکان دەگرێ
خۆی ئاودیووی خەونێکی دەریایی دەکاو
سۆڵەکانی بۆ شەپۆلە شەیتانییەکان دێڵێتەوە
تا کەفە میهرەبانەکان هەنگاوە نەگەیشتووەکانی
بۆ کەنارێکی جاویدان بگوازنەوە
تاکو ئەویش بە کێونشینەکان بڵێت
بمبەنەوە ئەو مەملەکەتە سەرابییەی
تەمێکی ڕەش، پێشوازی ئەو تەرمە ئاوییانە دەکات
کە لە نێو ڕۆحی دەریادا دەبنە شەپۆلی ڕابردوو

## نەفرین

بەڵام سێبەرێکی جوانە،
وەکو خودایەک دەیەوێ بێ کینە بێت
داوێنی میهرەبیچنێ و زەڕگەشی بەخشندەیی بێت
وەک ئەفسانەکانی دوێنێ پڕاوپڕی سەرسامیی بێت
وەکو ڕازە ئەڵماسییەکان ئاووس بێ بە پرسیار و
وەک ئۆقیانووسە مەنگەکان، بێ ناخ و قووڵ،



بێ ڕەهەند و پڕ لە قەڵبەزەی وەڵام بێت
بەڵام، سێبەرێکی جوانە،
دەیەوێ ئاگاییەکەی ساپیتە لەسەر شتەکاندا دابنێت،
شتە گەورەکان بخاتە نێو جۆلانەی شکاوی زەردەخەنەکان
بەڵام، سێبەرێکی جوانە،
چارەنووسی نەفرینی پرسیارەکانە و
جاربەجارێک، بێ ئاگایی ناخی دەتەقێنێتەوە

## چۆڕاوگە

خەونەکان کاژی هێمنیی فڕێ دەدەن
دێوجامەی ڕەنگی مەلوولن
خۆ دەپۆشنە بەر نەمامی دارستانەکانی هەڵدێران
تەتەرە هەورێکی سست و ئاسۆگەیەکی ئێواران
تا هەتەری ناچار هەڵدێت، لە دونیایەکی تر دیارن
لە خەندەی ژاکاوی وەرزێک



لە ئەندێشەی بە گوڵ ئاشنای زارۆڵەیەک
لە ئەفسونی بوونەوەرێکی ناوازە
نووری سرووش هەڵدەهێنجێ و
بە باڵایدا گشت شیعرە هەڵزناوەکان چۆڕاوگەیەک هەڵدەبەستن
کەڵکەڵەی لاسار و ماندووی پەیڤەکان، بۆ هۆنراوە دەدزێت و
لەگەڵ ڕامووسانی بادا
گەڵای لەبیرکراوی زەردەپەڕ کڵپە دەگرێ و
باڵەفڕەی زووڵاڵی ئەرخەوانەکانی ئەودیووی تاریکایی
ڕەنگەکانی نێو دڵی کەزیی دەکەن و
ئاسۆیش بۆ خۆی دەیرڕفێنێ

## شوێن

ڕووخساری نێو ساڵە هاوسێکانی خەزان، گوڵە بێڕەنگەکانی کازێوە
دڵۆپە ناوادەکانی تاریک و ڕوون
ئەو ڕێچکە هاتوو نەهاتەی سەرنوێشتی هەنگاوەکان
ڕۆدەچنە نێو دەسپێکی کۆتاییەکان
چی دەیخاتەوە بەر دەروازەی ئەو ئاوەدانییە بێچوونەی
درەختی زیندەگی تیایدا ڕەنگی بەهاری گرتووە
ئەم زەمەنە بۆ کوێ دەڕوات



وردە شادییە جوانەکان پەرت دەکات و
کەنەفتی و شەکەتییە ژاڵەییەکان جێ دەهێڵێ
ئەویش لە شوێنی جارانی خۆی وەستاوەو
لە سۆراخی کێلێکی تۆز و خۆڵاوی
پێشبڕکێکانی جارانی لەنێو هەوری ڕابردوو کوژاونەتەوە..
دەیەوێ، بەبێ درەوشەی لاساری گڵکۆیەکی ناو تاریکایی
سەربخاتە سەر مەڕمەڕە ئارامەکانی ئایندە و
شوێنێکی دەساژۆی هەبێت
ناوی ماندووی لەسەرگەردە ڕووشاوەکانی بنووسێت

**تایتانیک**

**لە ئۆقیانووسی چامەدا غەرق دەبێ**

## کاپیتان

دەرگای کابینە تەنیاکەی خڕ دادەخات
نیگەرانیی خۆی دەبەخشێ بەمیهری ئاو
دوا هەناسەی وەکو باڵی نەورەسەکان
تێکەڵاوی گیانی شەپۆلەکان دەبێ
ڕیشی چەرمووی دەکەوێتە نێو باوەشی کەفەکان و
وەکو ئەوەی لە بۆتەی ئاو وێڵداشەکەی ون کردبێ
چاوەکانی وێنەی ئاسۆ لاژیوەردی هەڵ دەگەڕێن



## پیرێژن

کۆختە ئاڵتونییە دوورەکەی
لە ڕابردوو سەقام گیرە
هێڵە سیحرییەکانی دونیا
لە ڕووخساریدا حەشار دەدات
دەستە پاییزییەکانی
بەگشت سەربهووردییەکانی گێتی خۆیان دەگەیەنن
بەڵام یادوەرییە غوبارینە تاریکەکەی
تاقە ئیرسی ئەو زەریا کەللە شەقەیە
کە لە نێویدا زیندوێتی خۆی جێ هێشتووە

## دڵدار

لە هەڵکشانە نەرمەکان دێتەپێشێ
دەزانێ ئاو
قەراری چارەنووسە شینەکەی ئەوی داوە
ڕەگی بێ دوایی دڵەکەی
دەخاتە نێو قامکەکانی و
بە کەفی سپی و بێگەردی تێکچرژانەکان دەیبەخشێت



## پاپۆڕ

لە ئاپۆرەی شڵەژاوی ئاوەکاندا فر چک دەگرێ
دۆلفینەکان، بەمەکرەوە چاوشارکێی لەگەڵدا دەکەن
ئاسۆی زەنگیانەیی جەمسەریش
لەگەڵ هەتاوی مەلوول دا خۆشی دەوێ
جۆلانەی بەرزی شەپۆلان
گوژمی کەفین دروست دەکات
لە ئامێزیا، تەمەنی کورتی بێئۆقرەیی بەسەردەباو
لە نێو عەشقی جەستەی ئاودا نوقووم دەبێ

## کەمانچە

ژێیەکانی، ماندوو بوون بە ئارام دەدەن
بە دەستی شینی ڕانەوەستاوێکی زۆر زۆر شەکەتەوە
دوا سیمفۆنیا دەکاتەبەر ئەو سییانەی
تەنها شەپۆل ڕێگا بزر بووەکانیان کەشف دەکاو
هارمۆنیای ئۆخژن دەبەخشێ
بەو دیدە بێ پێڵووانەی
دەبنە دەرگای بەهەشتێکی بێ ترووسکە



## عەشق

شەپۆلی ئاو دەینووسێت و
خامەی خەواڵووی ئەستێران ڕەسمی دەکات
ڕەگی تەنها لە ناخی ئاو قووڵ بووەتەوە
وەک درەختێکی بێ منەت
گەڵاڕێزانی ترپەکان پشت گوێ دەخات
ڕیشەی لە دەرونی شینی ئاوەکانە
بۆیە وەک پەڕەسێلکەکان
بەسەر ئاسمانی خەزاندا گوزەر ناکات
دەکەوێتە ژێر بارانە ناوەختەکانی ئەودیوی ئەبەدییەت

## عاشق

دڵی دەریای کرد بە کێڵگەی عەشقێکی تر
پەنجەکانی
لە جەستەی شەپۆلەکاندا بوونە ماسیی داگیرساو و
لێوەکانی مووچڕکەیان لە ناخی دۆلفینەکاندا هێنایە جۆش
با دەستە پڕ میهرەکانی واز لە سەمای خۆیان بێنن
لەسەر ڕۆحە ئارامەکان هیچ نەترسێ
ئاو لەگەڵ خۆیدا دەیباتە کۆختەی جوانی
پەرییە نەمرەکانی دەریا
تا هەمیشە ئاوێنەکانی قووڵایی
وێنەکانی لەسەر دڵیاندا هەڵواسن



## بەیانییەک
## چاوەڕوانی ئەفسانە زیندووبێتەوە

## هەمیشە

بە کرۆشمەی خۆی، سامالٚ شینایی دەڕووشاند
شەقامە کز و تەنیاکان،
هەنۆی زەردی دارەکانیان ئاوای باوەشیان دەکرد و
تەمەکان  چڕدەبوونەوە
دەبوونە ساتێک، دڵۆپەیەکی کاژوواژ، دوورگەیەکی لێکترازاو



درزێکی نەرم لە ڕووی مەخمووریی تێڕامان و خۆ ون کردن
کناچەکانی ژێر ئاسۆ
غەمبارییان لە دەرباری وەنەوشەکان، جێگیر دەکرد
دەنگە سەلار و تۆخەکان، فەرمانی باڵا و گرنگی شاهانە بوون
هەڵدەوەرینەسەر زوقمی نێو شەقامە خاڵییەکانی خۆڵە زەردە
جووتێک ڕەوەندی سەرەڕۆ

لە نێو باوڵە ڕەشەکاندا
نیگەرانیی هێلانە کەوناراکانیان حەشار دەدا
یەکێکیان دەیڕوانییە ئەو باڵە هارمۆنیانەی
لەودیوو دوورگە پرتەقاڵییەکانی هەتەر بزر دەبوون
ئەوی دیکەیش،
وەک دیدێکی بێ پاساوی نێو چوار چێوە شەفافەکان
سەرنجە تەم گرتووەکانی
لە بەرۆکی ئالوودەی هەمیشە دەداو
ئێستای خۆی دەدۆزییەوە



## کتێبی خۆشەویستی

قەمتەری بەرهەڵدای خودی وێڵی دەکات
خەونەکانی نهێنییە ئەفسوناوییەکانی شەون
ئەبجەدییەتی دەرەوەی جاویدانی، گەڵای ئەو نەمامانەیە
کە هەمیشە سەقام لەناو پاییز دەگرن
نوغرۆییەکان دەخاتە ژێر سێبەری درەوشانەوە

داوەتنامە بە ژیلەمۆی ئایەتەکانی دڵداری دەبەخشێت و
زارۆڵە بێ ڕوناکییەکان
لە پاییزی تولازیی دووردەخاتەوە و دەیانداتە بە ئاوێنە لێڵەکان
بە خۆی دەڵێت با نکوولی لە ڕۆحە زڕەکەم نەکەن
لە تانوپۆی شیعرەکانی ئایندەدا
غەوارەیی، نەبێ بە شەپۆلی بەرجەستەی
نێو بۆتەی سەرشێتییە زەبەندەکانی هەڵکردن



## ڕەهایی

دەیووت عومر ئەفسانەیی و بێ دواییە
دنیای ئاڵۆز، ڕەهەندەکان، کەوشەن و ساکاریی پێ دەبەخشن
دەیویست لەڕێی بچووک کردنەوەی تاریکیی ئەم جیهانە
ئەفسانەی بەپیتیی زەمەن هەڵایسێنێ
بەرمووری تراوکە جوان و ڕۆشنەکان
بە حەسرەتی توندوتیژی هەنگاوەکان پێشکەش بکات
شەهرەزادە خەیاڵ چەمووشەکان بێنێ

**شەوانی دڵ پیسی و نەفرەت**
**لە هەنگوینی ئارەزووە فریوودەرەکان ژاوە بکەن**
**بەڵام ئێستا، دونیای دوێنێ زۆر کشاوە**
**تەمەنیش کاژی تولازیی فڕێ داوە**
**گەڵای هەناسە هەڵوەریووەکان کۆدەکاتەوە**
**لەزەت دەخاتە چارۆکەی پووکی ساتەکان و**
**ڕەهایی دەدات بە نیگا دەستەمۆکان،**
**تا هەڵاڵەی جوانییە ناوەختەکانی ئەم کورتە عومرە هەڵمژن**
**تا ڕۆبچنە نێو بێخەکانی ئایندە، شانەی هەنگوینە زەردەکان**



## ئەستێرە

**خۆی خستە نێو بۆشاییەکان و دیار نەما،**
**چاوەکانی بەر ڕۆژنەی هەتاوی بێدار کەوتن و**
**لەناو بۆتەی کوژانەوەدا ڕاکشان**
**عەشق ڕەنگەکانی تیشکی**
**لەگەڵ ترپە چەتونەکانی ئاوزینگدان ئاوێتەکرد**
**هێندە لەگەڵ نقووم بووندا کەوتە سەما**

شیقژنی نەوڕەسەکان فریوویان داو
بەرەو مراوییە سپی و بەردە داگیرساوەکانی
دوورگە پڕ تەمەکان بردیان
ئیرەیی
بەیاقووت و شیلانە تیسکنە دەست پێنەگەیشتووەکان برد
چاوەکانی بێگەردتر لە کلووی بەفر کەوتنە خواریٚ
لە ڕۆشنایی خۆی ڕاپسکاند
دونیای ئێوارە پڕ غوربەتەکانی ئەمازۆن دەورەیان داو
وەنەوزەکانی هەڵوەراند بەسەر درەختی خەونەکان



## بەیانییەک

بەیانییەک، دیوارەکان دەکرێنەوە
هاتوو تووێشەبەرەیەکی سەرابییە
ڕەوەندێکە، ئاقارەکانی ناولەپی
شەپۆلی بێگەردی وەخت دەڕننەوە،
لە دارستانی غوبار ڕادەمێنێ
چۆن لە نەخشەی هەنگاوەکان داڵدە دەگرن
هەتەری ئەوین جێ پێی خەونە کێویلەکانی هەڵدەگرێت

کات لەباری سێبەرەکان دەچێت و
عەشق لە درەختی خوێنەکەی هەڵدەوەرێت
بەیانییەک، سەرنجەکان لە ناخی ئاو ئۆقرە دەگرن
کە ئاوی ناکۆتایش کەفی میراتییەکانی ڕابردووی کۆکردەوە
شەپۆلەکان هەڵپەیان بۆ دڵی بردو بوو بە خاوەنی قووڵایی



## تووڕەیی

لەنگەری ئاسۆی بێ سرەوت
بەندەرێک لەسەر کەناری سەفەردا، بەجێ دەهێڵێت
وەرزەکان ڕەنگن هەڵدەوەرێنە سەر ڕاکردنەکانی عومری مەلوول
ڕەنگی ئەوبەری تەمەکان، تخووبێکە تراوکەیی
بەسەر کیشوەری لەزەتدا ئاسەواری بەجێ دێڵێت

گۆرانییە کۆنەکان، ناکەونە سەر شینایی دەریا چەی مەستیی
خەندە لەودیوو ئاوزینگدانی جوانییەکاندا خۆی دەنێژێت
ئەهرامی لە دایک بوونی خەونە لەبارنە چووەکان
بۆشاییەکی جوانکیلە
دەبەخشنە میهری برووسکەیەکی چڵکنی منداڵانە و
ئاوڕشێنی ڕەنگی سێڤدەرەکانی شێتیی دەکەن



## مەنزڵگا

چەند ساڵی دی،
هەنگاوی سەخی دەکەیتە قوربانی ڕێگا ئاڵۆزە نادیارەکان
چاوەڕوانی فریشتەیەکی گەڕیدەیت
لە ئۆقیانووسی تێکڤژاوی دزێوییە بەردەوامەکان
دەستی لەرزۆکت بگرێت و بتباتە ئەودیوو غەمەکان
چەند ساڵی دی، ڕابردووە زۆر قوورسەکان حەرفی ڕەشن
لەسەر بەفری تازەی لاپەڕە جوانەکان پەرشیان دەکەیت

**کونەپەپووەکانی بیّداریی بەرهەڵدای ناو کات دەکەیت و**
**لە ژێر سمی کازیّوە ڕاکردووەکاندا ون دەبن**
**چەند ساڵی دی، سیّرە لەبەردەمت دەگری،**
**ئایندەکان تیّدەپەڕن**
**دەکەونە کیشوەری وردی غوبارە هەڵ نیشتووەکان و**
**ناتوانی پڕیان پیا بکەیت**
**چەند ساڵی دی، چاوەڕوانی ئەفسانە زیندوو بیّتەوە و**
**تا مەنزڵە نادیارەکان**
**بتخاتە سەرپشتی بیّگەردی سەراب و**
**لە نیّو بەرامەی ئەڵهادا خۆت ون بکەیت**



## پێرست


* پەنجەرەکانی ئارابخا بە ڕووی ئاسماندا ئاوەڵا نابنەوە ...................... 5
* کتێبی منداڵی ........................................................ 49
* بۆشاییە جوانەکان .................................................... 71
* وەکو ئەوەی پیر هاتبێتە دنیاوە ........................................ 87
* پیاوێك لێوانلێو لە خەون ............................................ 111
* تۆ، ترووکەیەکی درامیت .............................................. 129
* لە کۆڵانە دوورەکانی نەگەڕانەوەدا وێستێك ............................ 145
* باڵندەکان قەت ئاسمان لەکەدار ناکەن ................................ 169
* جێت دەهێڵم تا هەمیشە بۆت بگەڕێم ................................... 187
* دەپێم بڵێ بۆچی مەنفا جێگای خۆ دۆزینەوەیە .......................... 211
* ژیانی کتێبێك نییە دووبارە بیخوێنێتەوە ............................. 235
* تایتانیك لە ئۆقیانووسی چامەدا غەرق دەبێ ........................... 253
* بەیانییەك چاوەڕوانی ئەفسانە زیندوو بێتەوە .......................... 262

### ئەو کتێب و بڵاوکراوانەی لقی کەرکووکی یەکێتی نووسەرانی کورد پاش کۆنفرانسی ئازادی بەچاپی گەیاندوون جگە لە گۆڤاری گزنگ کە بەردەوام مانگانە دەردەچێت

| ز | ناوی کتێب | بابەت | نووسەر | وەرگێڕ | ساڵ |
|---|---|---|---|---|---|
| ١٠٨ | خوێندنەوەی چەند دەقێکی | خوێندنەوە | سامان محەمەد | | ٢٠١٠ |
| ١٠٩ | هەرمێیەکانی فیرعەون | شیعر | ئەحمەدی مەلا | | ٢٠١٠ |
| ١١٠ | تەونێك لە شیعر و وشە | لێکۆلێنەوەی ئەدەبی | مەحمود نەجمەدین | | ٢٠١١ |
| ١١١ | ١ ١ ١ نامەی سۆزداری | تێکستی دڵداری | کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: حەمە سەعید زەنگنە | | ٢٠١١ |
| ١١٢ | دانای کوێخا شەوکەت | ڕۆمان | موعتەسەم ساڵەیی | | ٢٠١١ |
| ١١٣ | سەمای روح | کورتە چیرۆك | نەوزاد یوسف کاکەیی | | ٢٠١١ |
| ١١٤ | سلێکوك هۆکلێر عاجباتیی هەشتەم | ڕۆمان | عەبدوڵڵا سەڕاج | | ٢٠١١ |
| ١١٥ | خەزان و شنەی بەیان | شیعر | غازی ڕەشید زەنگنە | | ٢٠١١ |
| ١١٦ | بزووتنەوەی ڕوانگە و شاعیرانی حەفتا و | لێکۆڵینەوەی ئەدەبی | د.هیمدادی حوسێن | | ٢٠١١ |
| ١١٧ | ئاوابوونی جەستە لە سەفەری دڵدا | شیعر | ستار ئەحمەد عەبدولڕەحمان | | ٢٠١١ |
| ١١٨ | دەرگاکان | کۆچیرۆك | خالید مەجید فەتحوڵڵا | | ٢٠١١ |
| ١١٩ | تەنیا لەبەر مەعاشەکەیە | کورتیلە چیرۆك | بەکر دەروێش | | ٢٠١١ |
| ١٢٠ | گەشەکردنی زمانی منداڵ | زمانی منداڵ | | و: د.ئازاد باخەوان و | |
| ١٢١ | لە لووتکەی ئەدەبی ئەڵمانەوە | لێکۆڵینەوەی ئەدەبی | عومەر عەلی شەریف | | ٢٠١١ |
| ١٢٢ | وازیەکانی رەشە گۆم | ڕۆمان | کاکە مەم بۆتانی | | ٢٠١١ |
| ١٢٣ | شاری لەغەم ئاوسبوو | ڕۆمان | سالار ئیسماعیل سەمین | | ٢٠١١ |



| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ١٢٤ | ململانێ لەگەڵ پرسیاردا | کۆدیدار | دانا عەسکەر | | ٢٠١١ |
| ١٢٥ | ئەو نامانەی بۆ پیرێتی خۆم دەیاننێرم | دەق | سوارە نەجمەدین | | ٢٠١١ |
| ١٢٦ | عامُ الصِّفْرْ | شعر | صباح رەنجدەر | ترجمة: المهندس محمد حسين رسول | ٢٠١١ |
| ١٢٧ | ڕاکشان لە تەنیشت تارمایی نیشتمانەوە | چەند دەقێکی شانۆیی | عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ) | | ٢٠١١ |
| ١٢٨ | لقاءات تحت أشعة الحروف المشرقة | مجموعة حوارات | سردار زنكنه | | ٢٠١١ |
| ١٢٩ | دزەکان | کۆمەڵە چیرۆك | | ئازاد نەجم | ٢٠١١ |
| ١٣٠ | ڕووبەرێکی ڕەخنەیی | ڕەخنەی ئەدەبی | د. فوئاد ڕەشید | | ٢٠١١ |
| ١٣١ | کتێب | خوێندنەوەی بیست | جەلیل کاکەوەیس | | ٢٠١١ |
| ١٣٢ | لە سۆاخی عیشقدا | کۆمەڵە چیرۆك | سەلمان شێخ بزێنی | | ٢٠١١ |
| ١٣٣ | عومەر سەیفەدین | لێکۆڵینەوە | | و. لە تورکییەوە: | ٢٠١١ |
| ١٣٤ | مەحوی ناسی | لێکۆڵینەوە | هیمداد شاهین | | ٢٠١١ |
| ١٣٥ | بەیداخ | نۆڤلێت | حەمە کەریم عارف | | ٢٠١١ |
| ١٣٦ | زایەڵەی ئاوەسپی | کۆمەڵە بەرهەم | ئا: بەکر دەروێش | | ٢٠١١ |
| ١٣٧ | بازاڕی ناوخۆیی | ڕۆمان | | و: بورهان ئەحمەد | ٢٠١١ |
| ١٣٨ | ڤلادیمێر سیمۆنەڤیچ ڤیسۆتسکی | وەرگێڕان | | و: لە رووسییەوە | ٢٠١١ |
| ١٣٩ | پەنجەرە بچووکەکان | چیرۆك | ئازاد عەبدولواحید | | ٢٠١١ |
| ١٤٠ | چەند بوارێکی زانستی زمانەوانی کوردی | زمانەوانی | حمید خالید کەریم | | ٢٠١١ |
| ١٤١ | گەڕانەوە | چیرۆك | چنوور نامیق | | ٢٠١١ |
| ١٤٢ | لە مەدرەسەی نالییدا | لێکۆڵینەوەی ئەدەبی | حەمە مەنتك | | ٢٠١١ |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ١٤٣ | توخمەکانی بیٚ دەنگی | کۆمەڵە چیرۆك | | و: ستار شێخانی | ٢٠١١ |
| ١٤٤ | ئەو هەتیوەی نابێت بە پیاو | چیرۆك | عەزیز نەسین | و: عەبدولستار | ٢٠١١ |
| ١٤٥ | چۆن و چی بۆ منداڵ | لێکۆڵینەوە | لەتیف هەڵمەت | | ٢٠١١ |
| ١٤٦ | چۆن و چی بۆ منداڵ | لێکۆڵینەوە | لەتیف هەڵمەت | | ٢٠١١ |
| ١٤٧ | مصطبة وحيدة أمام القلعة | دراسة | فاروق مصطفى | | ٢٠١١ |
| ١٤٨ | في الشعر الكُردي المعاصر | دراسة | هشام القيسي | | ٢٠١١ |
| ١٤٩ | کتێبی بۆشاییەکان | شیعر | ئەدیب نادر | | ٢٠١١ |